خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا          لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف          ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر          بابان ئەنوەر

# پرسی ژن

## لەچەند دەقێکی وەرگێڕدراودا

عادل عەلی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 132 )

ناوی کتێب: پرسی ژن لەچەند دەقێکی وەرگێڕدراودا
بابەت: فکری
عادل عەلی
تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 1500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1442)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# پرسی ژن

## لەچەند دەقێکی وەرگێڕدراودا

عادل عەلی

2016

## ناوەرۆک


پێشەکی.................................................................7

بەشداری سیاسی ژنان..................................................11

رۆڵی ژنان لە گەشەپێدانی مرۆییدا...............................23

مافەکانی ژن لە دەستورە............................................67

وەزیری ژمارە یەك.....................................................87

## پێشەکی

ئەوەی بەردەستتان چەند بابەتێکی وەرگێڕانە دەربارەی پرسەکانی ژنان، لە راستیدا ئەم بابەتانە کاتی خۆی لە گۆڤاری تەوار، کە گۆڤاری یەکێتی ژنانی کوردستانە، بڵاوبونەتەوە و لەو بابەتگەلە بوون کە هەوڵیان داوە خزمەتێکی بەرچاو بکات بە تەیارکردنی بزوتنەوەی ژنان لەڕووی کولتورییەوە.

گرنگی ئـەو بابەتانە لـەوەدایـە، کە بەشی زۆری راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان و خەبات و پێگەی ژنانەوە لە گۆمەڵگەدا. لەوانە بابەتی بەشداری ژنان و گەیشتن بەناوەندەکانی بڕیاری سیاسی، کە یەکێکە لەو چەمك و دەستەواژانەی بەردەوام رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ژنـان کـاری شێلگیرانەی لەسەردەکەن. هەر خودی ئەو چەمکەش تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی جیاجیای لەسەرکراوە و تەنانەت لەسەر میکانیزمەکانی کارکردن و گەیشتنی هەرچی زیاتری ژنان بە ناوەندەکانی بڕیار لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زۆرترین مشتومڕو رای جیاوازی لێکەوتۆتەوە.

گەرچی هێشتا ئەو ژمارانە، کە لەسەر ئاستی جیهانیدا دەردەکەون سەبارەت بە بوونی ژنان لە ناوەندەکانی بریاڕ، جێگەی دڵخواز و بە ئەندازەی داوا و داواکارییەکانی ژنان نین، وەلێ لە تەك ئەوەشدا بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، هەنگاوی گەورەی پراکتیکی و بەرچاوی ناوە. گەر کۆمەڵی کوردەواری وەك سەمپڵێکی واقیعی و راستەقینە وەربگرین، دەبینین لەبوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ...هتد، پێشکەوتنێکی یەکجار بەرچاو بەرجەستە دەبێت، کە لەڕووی مێژووییەوە وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیە بۆ رەوشی ژنانی کوردستان. ئەمە جگەلەوەی، کەسیستمی کۆتا بە یاسا جیگیر کـراوە و سەلمێنراوە، وەکو مافێکی

بەرچاو بۆ دەستەبەرکردن و زەمانەتی بەشداری سیاسی ژنان و چەندین ماف و دەستکەوتی دیکەی تر بەرچاو دەکەن، کە بەشی زۆریان بە یاسا رێکخراوە.

لەو چەمکانەی تر کەلەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت، پرسی گەشەپێدانی مرۆیی کەخۆی لەخۆیدا راستەوخۆ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە بە ژیانی ژنانەوە و بە بێ ئەوان، گەشەپێدانی مرۆیی هیچ مانایەکی ماددی و مەعنەوی نییە. هەربۆیە لەو بابەتەدا بەئاشکرا بە داتاو زانیاری و بەڵگەی زانستی و واقیعی خراونەتەڕوو، بۆ ئەوەی گەشەپێدانێکی راستەقینە پراکتیزە بکرێت، دەبێت ژنان بەشداری کارا بکەن و شان بەشانی پیاوان لەجومگە جیاجیاکاندا بوونیان هەبێت. ئەم بوونەش پێویستە لە پلانەکانی گەشەپێداندا بەشداری کاراو چالاکانەی هەبێت. هـەروەك لەپرسی گەشەپێداندا هاتووە، کە مرۆڤ لە بەرنامەکانی گەشەپێداندا چەقی سەرەکی بێت. هەڵبەتە مرۆڤ بە تێڕوانین و رەهەندە مۆدێرنیتەکەی، واتا کاتێك باسی مرۆڤ دەکرێت بە نێر و مێ، کە لە خودی خۆیدا مرۆڤ وەك تەوەر و دروستکەری گەشەپێدان و پاشان مرۆڤ وەك سامانی نەتەوە. ئاشکرایە سامانی نەتەوەش بەو مانایە، کە وزەو توانای تاکەکان چەند ئامادەسازی و گونجاندنی هەیە بۆ بەڕێخستنی گەشەپێدانێکی هەمەلایەنە و زانستییانە. چونکە لە راستیدا چەمکی گەشەپێدان بریتییە لە دەستەبەری میکانیزم و شێوازەکان و هۆکارەکان بۆ هەر تاکێك لە دەستڕاگەیشتن و رەخساندنی هەلی یەکسان و چوونیەك. کەواتە ناوەڕۆك و جەوهەری گەشەپێدان بەرجەستەکەری یەکسانی نێوان ژنان و پیاوانە. هەر لەوبابەتەدا سەرنجی وردترو رادیکاڵانەتر خراونەتەڕوو دەربارەی پرسەکانی ژنان و چۆنیەتی سەلماندنی یەکسانی لە دنیای واقیعدا.

هەر لەچوارچێوەی کتێبەکەدا بابەتێکی گرنگ و هەستیاری دیکە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە،کە ئەویش هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی وردو بەڵگەدارە سەبارەت بەپێگەو مافەکانی ژن لە دەستورەکانی عیراقدا. هەڵبەتە ئەوەش لە دەستوری ساڵی 1925 دەستپێدەکات تا دەستوری نوێی عیراقی ساڵی 2005 و هەر لەو میانەدا چەند دەستور هەبووە و چەند هەموارکردنەوە کراوە لە بڕگە و ماددەکانی ئەو دەستورانەدا، لەروانگەی ماف و ئازادی و پێگەی ژنانەوە خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لەبەر رۆشنایی ئاڵوگۆرە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و لەگەڵیدا بەرەو پێشچونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و دەستکەوتەکانی ئەوان و جێگیرکردنی لەناو دەستورەکاندا باسکراوە.

ئەو دەقانەی کە لە دەستورە یەك لەدوای یەکەکاندا هاتووە لەڕوانگەی مافە سەرەتاییەکانی ژنانەوە سەرنجی ورد بەیانکراوە، ئەوەش روونە ئەو رەخنەو تێبینیانە لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئەو رێککەوتن و بەڵگەنامەی، کە مافی ژن دەسەلمێنێت و هەوڵی زاڵبوون دەدات بەسەر جیاکاری رەگەزیدا، بەرجەستەکراوە و خراونەتەبەر باس و شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. دەتوانین بڵێین ئەو بابەتە یەکێك لەباشترین بابەتەکانە، کە لەسەر پرسی ژن و دەستور نوسراوە، چونکە زۆر بە وردی و بڕگە بە بڕگە و ماددە بە ماددە شیکاری پێویستی بۆ کراوە و بە تای تەرازوی مافە مەدەنی و یاساییەکانی ژنان هەڵسەنگێندراوە. هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەڵسوڕاوانی ژنان زۆر بەگرنگ دەزانم.

کۆتا بابەت کە لەم کتێبەدا هاتووە، بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و بیرخەرەوەیەکی جوانە دەربارەی یەکێك

لەتێکۆشەر و سەرکردە دیارەکانی ژنانە بەناوی دکتۆرە نەزیهە دلێمی و ناوی بابەتەکە بە وەزیـری ژمارەیەك نـاوزەدکـراوە، ئەگەرچی ئـەو بابەتە کورتەیەکە لە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژ، بەڵام گەرچی بەکورتیش بێت، ئەو نوسینە ئاشنامان دەکات بە ژیان و خەباتی ژنێکی تێکۆشەر، کە هەمو ژنانی عیراق و کوردستان قەرزداری ئەون لە پای ئەو هەمو تێکۆشان و دەستکەوتانەی کە لەپێناویدا خەباتی کردووە. بەداخەوە ئەو ژنە وەك سەربازێکی ون دەردەکـەوێـت، کەسەرنجی خەبات و ماندوبوونەکەی دەدەی، بە بەراورد بەو بابەتانەی لەسەری نوسراوە، کە بەداخەوە دەبوایە زۆر لەوەزیاتر لەسەری بنوسرایە و بگرە چەندین خول و قوتابخانە و شوێنی گشتی بەناوی ئەو تێکۆشەرەوە بکرایە. نەزیهە دلێمی ئەو ژنەپزیشکەی کە لەسەرەتای لاوێتییەوە وەك ژنێکی چەپ و پێشکەوتنخواز خزمەتی بەپرسی ژنان کردووە بە تایبەتی لە چاکسازی و هەموارکردنەوە یاخود جێگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە مافە مەدەنییەکانی ژنان لە یاساکانی باری کەسێتی، کە بۆ ئەو قۆناغەی عیراق و بگرە بەشێکیشی بۆ ئێستا گرنگی خۆی هەیە و دەستکەوتی گەورەن بۆ ژنان.

نەزیهە دلێمی سەرەڕای ئەوەی تێکۆشەرێکی سیاسی بـوو، وەکـو یەکەمین وەزیـری ژن لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا دەناسرێت، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی گەورە بووە بۆ ژنانی نەك عیراق، بەڵکو بۆ ناوچەکەش لەو سەردەمەدا.

# بەشداری سیاسی ژنان و گەیشتن
# بە ناوەندی بڕیارسازی

پرسی بردنەسەری توانا سیاسییەکانی ژنان و بەهێزکردنی بەشداریی کارای ئەوان لە پرۆسەی سیاسیدا، هێشتا کەموکورتییەکی بەرچاوەو تا هەنوکەش جێگای بایەخێکی زۆر نییە لەناو ئەجندای حزبە سیاسییەکان و حکومەت تەنانەت ئۆپۆزسیۆن-یش و لەسەر ئاستی جیهاندا، کە ئەوەش هۆکاری واقیعی کۆمەڵایەتی باوە بەسەر کۆمەڵگەدا، هەروەها بە هۆی کولتوری زاڵبوونی تێڕوانینی بە کەمگرتنی ژنانەوەیە.

بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیدا وەك ئاماژە و پێوەری پێشکەوتن و مەدەنیەتی کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێت، لەپێناو دەستبەرکردن و بەهێزکردنی و بوونی ژنان لەپرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، پێویستە بەشداری ژنان فراوان بکرێت لە حزب و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا، هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەوانەی بایەخ دەدەن بە پرسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، یاخود هەوڵدەدەن بۆ ئاوەڵاکردنی رێگەلەبەردەم بەشداری سیاسی ژناندا، هەروەها دەرخستنی رۆڵی ئەوان، سەرەڕای ئەوەش بوونی یاسا هاوچەرخەکان، کە دانیان بە مافە بنەرەتییە رەواکان بۆ ژنان و فەراهەمکردنی ئازادییەکان بە یەکسانیەکاندا ناوە.

## ژنو بڕیارسازی

بوونی ژنان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردا ئێستا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، بەجۆرێك کە رێژەی ژنان لەپەرلەمانەکانی دنیادا گەیشتۆتە نزیکەی 15.2% ئەندامانو پشکی گەورەش لە دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیادایە، کە گەیشتۆتە 7%، کەچی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا گەیشتۆتە. 6%، لە ئاسیادا 15.4% و کەچی لەدەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا ژمارەکە بە هۆی پەراوێزخستنی رۆڵی ژنان زۆر، کەمە و رێژەکەی تەنها 1%5.6، بەڵام لە وڵاتانی

ئەوروپا ڕێژەی بەشداری ژنان لەپەرلەماندا گەیشتۆتە 31% لەپێشەوەی وڵاتانی ئەوروپاشدا فینلەندا لەڕیزبەندی یەکەمدایە و ڕێژەکەی گەیشتۆتە 44%.

لێرەدا چەندین هۆکار هەیە، کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیانەی ژنـان لە یەکەکانی کۆمەڵگەدا و دەرنەکەوتنی ئەوان لە ئاستی داواکـاری و دڵخوازی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا، لەوانەش:

1-سیاسەتی سەرمایەداری لەجیهاندا، کە خۆی لە جیاوازکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز دەبینێتەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی... هتد.

2-باڵادەستبوونی چەمکی دژایەتی ژنان و مافەکانیان لە کۆمەڵگە و قبوڵ نەکردنی کاری ژنان.

3-نەبوونی هۆشیاری لای ژنان بۆ گرنگی و بایەخدان بە بەشداری خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا.

4-زاڵبونی دەسـەڵاتـی نێرینە بەسەر بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانییەوە، هەروەها بازاڕ و کار و ئابوری، تەنانەت لە دەوڵەتانی ڕۆژئـاوای ئەوروپاش یان دەوڵەتە پێشکەوتوەکانیش ئەم دیاردەیە هەستپێدەکرێت، کە قۆرخی پێگە باڵاکان لە لایەن پیاوانەوەیە.

5-بەگەڕخستنی ژنان تەنها لەکاروبارە خزمەتگوزارییە تەقلیدییەکان، دوای ئەوەش کەمیی موچەی ژنان و لاوازی پێگەی فەرمانبەری و ئابورییان، کە بە ڕێگرییە گەورەکان ئەژمار دەکرێت لەبەردەم توانای ژنان بۆ ئەوەی بتوانێت تاکێکی گرنگ و کاریگەر بێت لە دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاردا.

6-دابەشکردنی ڕۆڵ بەشێوەیەکی تەقلیدی لەنێوان ژن و پیاودا، لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکاندا، بەجۆرێك کە

بەردەوام ژنان ئەرکی قورسی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مندالْ و چاودێریی خێزانی لە ئەستۆ بێت.

7-رۆڵی رۆژنامە و دەزگا جۆربەجۆرەکانی میدیا، بەتایبەتی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، کە بەخێرایی بڵاودەبنەوەو فیکرو عەقڵیەتی نێرینەی لەپشتەوەیە، کە ئـەوەش کاریگەری هەیە لەپیادەکردن و شێواندنی فیکری ژنان و هێشتنەوەیان بەوجۆرەی، کە لێهاتو نین و ناتوانن بەشداری کارا بکەن لە چالاکیيە گشتییەکانی کۆمەڵگە.

8-کەمی و نەبوونی رێکخراوە کاراکانی ژنان بۆ بەرگری راستەقینە لە ژنان بە بێپاشکۆیەتی حزبە سیاسییەکان، بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، کە تەنها بە چەند لیژنەیەکی ژنان وازدەهێنن بۆ بەڕێکردنی سیاسەتەکان و بەدەستهێنانی رەزامەندی ژنان.

*هەڵکشانی بزوتنەوە ئیسلامییە تیرۆریستەکان، ئەوانەی دژایەتی مافەکانی ژنان دەکـەن لەسەر ئاستی جیهاندا، دەرکەوتنی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان، جۆرێك پاشەکشەی بە ژنان کردووە و بێبەشیکردون لە رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ژنانە بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار، بەجۆرێك کە چەندین چالاکوانی ژنان لەژێر هەرەشەی بەردەوامی ئەو گروپانەدایە و زۆربەیان راپێچی دادگا ئیسلامییەکان کراون لەو دەوڵەتاندا.

9-زیـادبـوونـی حزبە راسـترەوەکـان لە دەسـەڵات، لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، هەروەها هەڵکشانی بزوتنەوە رەگەزپەرستەکانی دژی بێگانە، بەشێوەیەکی گشتی و سەپاندنی واقیعێکی خراپ بەسەر ژناندا.

10-بڵاوبوونەوەی دیاردەی هەژاری لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیادا، کە ژنان لەو هەژارییە پشکی شێریان بەرکەوتووە،

به تایبەتی کیشوەری ئەفەریقیا و ئاسیا. هەروەها دیاردەی بازرگانیکردن بە ژنان لەو دەوڵەتە هەژارانەوە بۆ دەوڵەتە دەولەمەندەکان و بەکۆیلەکردنیان.

11-بڵاوبونەوەی دیاردەی نەخوێندەواری و دابەزینی ئاستی فێرکردنی ژنـان لەزۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان و دەوڵەتانی جیهانی سێ، کە رێگرە لە گەشەی رێژەی نوێنەرایەتی سیاسی ژنان.

## کورتەیەك
## لەسەر بەشداریی ژنان لە دەسەڵاتدا

داواکــاری بەهرەمەندبوونی مافی دەنگدانی ژنان لە سەدەی 19وە لەلایەن بزوتنەوەکانی ژنان و چەپ و دیموکراتەکانەوە لە ئەمەریکا و بەریتانیا دەستی پێکرد، بە تایبەتی لەنێوان توێژە خوێندەوارەکانی ژنانەوە، پێش ئەوەش بزوتنەوەی ژنان بۆ داخوازییەکانیان لەبارەی یاسا و تەشریعاتەوە، لەنێویاندا مافی هاوسەرگیری و خاوەندارێتی، لە ناوەڕاستی سەدەی 19 دەستیپێکرد تا سەرەتاکانی سەدەی 20 بەردەوامبوو. هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش بزوتنەوی ژنان بۆ چەندین ماف دەستی پێکرد، لەوانە مافی دایکایەتی و کـار، لە ئەوروپای رۆژئـاواش بەهەمانشێوە. نیوزلەندا یەکەمین وڵاتە کە رێگەی بە مافی دەنگدانی ژناندا لەساڵی 1893.

شۆڕشی بەلشەفیکی لە روسیاش ساڵی 1917، رۆڵێکی گەورەی بینی لە رەواجدان و جێگیرکردنی یەکسانی ژناندا، بەجۆرێك هەژمونی کەنیسەی لەسەر هاوسەرگیری لابرد و یەکسانی تەواوی سەلماند لە مافەکانی نێوان ژن و پیاودا، ئەلیکساندرا کۆلۆنتای، یەکەمین پلەی وەزیری وەرگرت لە جیهاندا.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1920 هەستا بە هەموارکردنەوەی دەستور بۆ ئەوەی ڕێگە بە ژنان بدرێت مافی دەنگدانیان هەبێت. هەر لەو ساڵەدا لە وڵاتانی دنیا ڕێگە بە ژنان درا، کە مافی دەنگدانیان هەبێت، بەڵام لە دەوڵەتانی ئەوروپادا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە ئەو مافە درایە ژنان، لەوانە فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا و سویسرا.

دەوڵەتی ئیکوادۆریش یەکەم دەوڵەت بوو لە ئەمریکای لاتین دانی بە مافە سیاسیەکانی ژناندا نا لە ساڵی 1929، لە مەکسیکیش ساڵی 1953 ژنان توانیان مافی دەنگدان بەدەستبەێنن.

لە ئاسیاشدا مەنگۆلیا یەکەمین وڵاتە، کە ژنان مافی دەنگدان بەدەستبەێنن لەساڵی 1923، هەروەها لە یابان و کۆریای باشور ژنان توانییان ئەو مافەیان هەبێت لەساڵی 1945.

هەروەك ئاشکرایە مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەری ئەوە ناکات بۆ ئەوان، کە جگە لەوەی تەنها مافێکی سیاسییە، چونکە لە زۆرێك لە وڵاتان ژنان مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام بە چەندین هەنگاو لەدواوە بوون و هەرگیز ئەو مافەیان نەبووە، کەخۆیان کاندید بکەن یاخود پلە و پایەیەکی وایان هەبێت و بتوانن بگەنە ناوەندەکانی بڕیار.

بزوتنەوەکانی ژنان و بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر ئاستی دنیادا خەبات و تێکۆشانیان بەردەوام بووە بۆ زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان، دواجار بووە مایەی ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەخالەت بکات لە پرسی ژناندا و لە ساڵی 1975، یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی سازبکات دەربارەی مافەکانی ژنان، پاشان لە سالەکانی 1980، 1985 و دوابـەدوای ئەوەش گەورەترین کۆنگرە سازکرا لە ساڵی 1995، کە تێیدا ڕاپۆرتە فەرمییەکان لەسەر هەلومەرجی ژنان

و هەروەها فشار خرایەسەر حکومەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کۆسپەکانی گەیشتنی ژنان بە سەرچاوە سیاسی و ئابوری و پەروەردەییەکان. هاوتەریب لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، نزیکەی (30) هەزار ژن بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە پەکینی پایتەختی چین لە هەمان ساڵدا. هەربۆیە ساڵانی نێوان 1976 بۆ 1985 بە دەیەی ژن ناوزەدکرا.

لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا پرسی ژن شوێنێکی دیار و بەرچاوی گرتبوو لە کارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، کە جەخت لە دۆزینەوەی سیستمێکی ئابوری و سیاسی دەکرایەوە، کە زۆرترین بەشداری ژن بەدەستبهێنێت یان دەستبەری بکات لە پرۆسەی سیاسیدا، هەروەها لە پرۆسەی گەشەپێدانی جیهانی و هاندانی ژنان و دابەزینییان بۆ بازاڕی کار.

لەگەڵ ئەو بازدانە گەورەیە و زیادبوونی بەشداری ژنان لە حزبە سیاسییەکان و رێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا رێژەی نوێنەرایەتی ژنان بە پلەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت لە پێگە باڵاکانی سەرکردایەتیدا، کە ئەوەش کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر داڕشتنی یاسا و تەشریعاتەکان، ئەوانەی لە بەرژەوەندی ژناندایە بۆ یەکسانی لە کۆمەڵگەدا.

زیادبوونی چەند هێندەی ژمارەی ئەندامانی ژن لە پەرلەمانی رۆژئاوادا لەنێوان ساڵانی 1975 بۆ 1995، کە گەیشتە رێژەی 4.7% بۆ نزیکەی 11% ویلایەتە یەکگرتوەکان رێژەی ئەندامانی ژن لە کۆنگرێس بۆ 11.2%، کە سێیەکی رێژەی وڵاتانی باکوری ئەوروپا دەکات.

لەگەڵ پێشکەوتنەکان و گەشەکردنەکانی بزوتنەوەکانی ژنان ژمارەی ئەو وڵاتانە لە دابەزیندایە، کە ژن تێیدا پلەی

وەزارەتییان وەرگرتووە لە دەوڵەتەوە، کە هاتووەتە خوارەوە بۆ 47 دەوڵەت، کەچی بە پێچەوانەوە لە دەیەکانی رابردو رێژەی ژنان لە پلەی سەرکردایەتیدا زیادبووە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئەم پاشەکشەیە زیاتر بۆ دەوڵەتە تازە سەربەخۆکان دەگەڕێتەوە، ئەوانەی لە یەکێتی سۆڤێت جیابوونەتەوە و دەوڵەتانی ئەندام لە بلۆکی رۆژهەڵات ئاماژەیەکی نێگەتیڤ بوو، بەجۆرێك رێژەی نوێنەرایەتی هێنایە خوارەوە لە 30،25% رۆژگاری حزبی شیوعی بۆ رێژەی 18.8% لەئەمرۆ دا، لەو دەوڵەتانەی کە سیستمی کۆمۆنیستی پەیڕەودەکەن. وەکو چین و ڤێتنام و کۆریای باکور، تا ئێستا بەشداری ژنان لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان تەنها گەیشتۆتە 20%.

هەروەك ئاشکرایە لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا، رێژەی نوێنەرایەتی ژن هێندەی ژمارەی پەنجەکانە، بەجۆرێکە تا هەنوکە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێت، کە ئایا رێگە بدرێت ژنان شۆفێری بکەن یان نا، بێ ئەوەی براو مێردیان لەگەڵدابێت! ئیدی ژنان بێبەشکراون لە پیادەکردنی مافی سیاسی دەنگدان و خۆکاندیدکردن و فشارێکی زۆریان لەسەرە و تواناکانیان سنوردارکراوە لەم چەرخی بیست و یەکەدا.

لەپێناو بردنەسەری ئاستی بەشداری ژنـان لەژیانی سیاسیدا و گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیار پێویستە:

1-گۆڕین و پەرەپێدانی بەرنامەی حزبە سیاسییەکان بەجۆرێك بێت، کە دان بنرێت بە یەکسانی هەردو رەگەزەکە و بەهەند وەرگرتنی پرسی جێندەر لە بەرژەوەندی ژناندا و هانی رەگەزی ژن بدرێت لەو حزبە سیاسیانەدا.

2-کاری هاوبەش بکرێت لەنێوان رێکخراوەکانی ژنان و

حزبە چەپ و دیموکراتخوازەکان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لە مافی یەکسانی ژن و پیاو بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دەربـارەی مافە سیاسیەکانی ژن لەوانە مادەی (7) لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕەتکردنەوەی هەمو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنانی ساڵی 1979، کە لەسەر دەوڵەتەکانە هەمو ڕێگەکان بگرنەبەر بۆ کۆتایهێنان بە جیاوازی ڕەگەزی دژی ژنان لە ژیانی سیاسیدا.

3-جـەخـتـکـردنـەوەی ڕێکخراوەکانی ژنـان لەسەر بردنەسەری ئاستی هۆشیاری ژنان و بایەخدان بە بەشداری کـارای ئـەوان لە ژیانی سیاسی و تێکۆشانی بـەردەوام بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیار و هۆشیارکردنەوەی فراوانی کۆمەڵگەش لەپێناو پێشکەشکردنی هاوکاری مەعنەوی ژنان، سەپاندن و جێبەجێکردنی یاسا و دەستورە مەدەنییە هاوچەرخەکان بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا.

4-هاوکاریکردنی ژنانی کاندید بۆ ئەندامێتی پەرلەمان یان ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەڕووی مادی، مەعنەوی، میدیایی و کارکردن لەسەر ڕاهێنانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی لە هەڵبژاردنە سیاسیەکاندا.

5-ئازادکردنی ئابوریانەی ژنان، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەهێزکردنی پێگەی ژن لە بەشداری سیاسییدا.

6-سەربەخۆبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان لە پاشکۆیەتی حزبە سیاسییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی هاوکاری پرسی رزگاری ژنان ناکەن.

7-جیانەکردنەوەی پرسی ژنـان لە کێشەکانی تری کۆمەڵگە، کەوا پیشان بدرێت تەنها ئەم پرسە تایبەتە بە ژنان، بەڵکو ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنانە ئەم بیرۆکە بسڕنەوە، چونکە پرسی ژن پرسی سەرلەبەری کۆمەڵگەیە.

8-داواکـردنـی وەزارەتـی تایبەت بە کاروباری ژنان و پرسەکانی یەکسانی و گرنگیدان بە کاروبارەکانی ژنان لە

کۆمەڵگەدا.

9-داواکردنی هاوکاری تەواو دابینکردنی توانای دارایی بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی یەکسانی رەگەزی لە کۆمەڵگەدا، گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ژنان.

**سەرچاوە: الحوار المتمدن- العدد 1483 - 2006/3/8**

**بيان صالح**

**تێبینی وەرگێڕ**

ئەوەی لەم بابەتەدا هاتووە، بریتییە لە روماڵکردنێکی تاڕادەیەك ورد و بایەتیانە، کە خۆی لە چەندین ئاماری ورد و هەڵسەنگاندنی رەوشی ژناندا دەبینێتەوە، ئەگەرچی ئەم نوسینە نزیکەی حەوت ساڵی بەسەردا تێپەڕبووە، بەڵام تائێستا ئەو ژمارانە ئەگەر وەکو خۆی نەمابێتەوە، ئەوا لە هەندێك لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا لە کەمبونەوەدان، سەرەڕای خەبات و تێکۆشانی رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی، هەڵبەت هۆکارەکان بە وردی لەم نوسینەدا خراونەتەڕوو، کە بۆچی ئەو رەوشە بابەتییە لە وڵاتانی جیهانی سێدا بەسەر ژناندا سەپێنراوە و بوونەتە رێگر لەبەردەم پرۆسەی سیاسی بەشداری ژناندا لەوەی کەمتر بگەنە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت و حەقی خۆیەتی لەسەری بوەستین لە واقیعی ژنانی کوردستاندا، بـەدەر لەوەی زۆرجار لە میدیاکانەوە رەوشەکە زۆرتر لایەنە نێگەتیڤەکانی نیشاندەدرێت! وەلـێ ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بەشێك لەو وڵاتانە ئـەوا رەوشـی ژنـان لە کوردستاندا هەنگاوی

بەرچاوی ناوە و خۆ ئەگەر بە ژمارە و رێژە بەراورد بکرێت، ئەوا پێگە و بەشداری سیاسی ژنان لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر باشدایە، هەرچەندە ئەوەش بەڕادەی دڵخوازی خودی ژنان و پرسە رەواکانیان نایەت، بەڵام حەقی خۆیەتی وەکو دەستکەوتێکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان تەماشا بکرێت و پەرەی پێ بدرێت نەك نادیدە بگیردرێت.

لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991وە ژنان لەکوردستاندا کاراتر و چالاکانەتر لە ناوەندە جیاجیاکاندا رۆڵ و بەشداری بەرچاویان هەبووە. هەر لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان و بەڕادەیەك حکومەت و پاشان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیخەمەڕو ئەوەیە، ئەو ئامار و رێژانەی لەم نوسینەدا هاتون قابیلی بەراوردکردن نییە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا. ئەمەش بە مانای ئەوەنییە خۆمان لەو راستییە بدزینەوە و بڵێین ژنان لە کوردستاندا ئیدی گەیشتونەتە دوا مەنزڵی داخوازییەکانی خۆیان و کەشوهەوای یەکسانی نێوان ژن و پیاو سەرلەبەری وڵاتی داپۆشیوە! بەڵکو تەنها پیشاندانی ئەو راستیەیە، کە ژنان لەکوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ چەندین وڵاتی دنیادا هەنگاوی بەکردەوەی ناوە لەسەر ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

# ڕۆڵی ژنان
# لە گەشەپێدانی مرۆییدا

چەمکی گەشەپێدان لـەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەمەوە تاکو دەیەکانی هەشتا لە سەدەی رابردو لەوەدا کورت کرابووە، کە تاك چەند بەدەست دەهێنێت لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەڵام لەدوای ساڵی 1990وە، کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامەی گەشەپێدانی ئامادەکرد، ئیدی مرۆڤ بوو بە تەوەر و دروستکەری گەشەپێدان و ئامانجەکەی.

بەو تێڕوانینەی کە مرۆڤ خۆی سامانی راستەقینەی هەر نەتەوەیەکە، لەبەرئەوە تواناکانی هەر گەل و نەتەوەیەك لەوەدا دەردەکەوێت، کە چەند توانا و وزەی مرۆیی هەیە و ئامادە و سازە و دەتوانێت گونجاندن و هەڵسوکەوت بکات بە لێهاتویی و کاریگەری لەگەڵ هەرشتێکی نوێدا.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە دەوڵەتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیایە، ئەو نەتەوانەی کە توانیویانە لە خودی خۆیاندا پابەندبوونێکی تەواو تێپەڕ بکەن بە ئاراستەی کۆکردنەوەی سەرمایەی مرۆیی و گۆڕینی بۆ وزەیـەکـی تایبەت و دیاری کێبڕکێکەری بڵاو، بووە هۆی وەبەرهێنانی بەرزی بەرهەمهێنان، کە بزوێنەری راستەقینەش بڕوابوون بوو بە نهێنی هەستانەوەی گەشەپێدان، کە خۆی لە هزری رۆڵەکانی و پشتیوانیکردنییان بوو.

بەرهەمی ئەوەش بەدەستهێنانی ئابوری ئەو وڵاتانەبوو کە تێکڕاییەکی خێرای لەگەشەپێدان بەدەستەێناوە لەچاو وڵاتانی پێشکەوتودا، کە دواجار بووە نموونەیەك بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت پابەندبێت بە رەورەوەی پێشکەوتنەوە. تەنانەت کاتێکیش ئەو وڵاتانەی دوچاری قەیرانی دارایی گەورەبوونەتەوە لەم ساڵانەی دواییدا، توانیان بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو چارەسەری بکەن، کە پسپۆڕانی تایبەتی ئەو

بوارەش ئەو توانایە دەگێڕنەوە بۆ سامانی مرۆیی ئەو وڵاتانە، کە دەتوانن لێی بەهرەمەندبن بە توانایەکی بەرزەوە.

مـرۆڤ خـۆی سامانی راستەقینەی نەتەوەکانە و گەشەپێدانی مرۆییش بریتییە لە (پرۆسەی فراوانکردنی بژاردەکانی مـرۆڤ). گەشەپێدانی مرۆیی بە پێکهاتنی تواناکانی مرۆیی کۆتایی نایەت بۆ نموونە: چاککردنی تەندروستی و پەرەپێدانی زانست و شارەزاییەکان، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ دوورمەوداتر و وەك سودمەندییەکانی لە بواری کارکردن لەڕێگەی فەراهەمکردنی هەلی داهێنان، یان سودوەرگرتن لە بۆشاییەکانی کات، یاخود بەهرەداربوون لە رێزگرتنی خود و دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ، یان هاوبەشی کردنی کاریگەر لە چالاکییە ئابوری و سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆ هەمو ئەوانە دەبێت گەشەپێدانێکی بەرفراوان و تەواوکار نەك تەنها گەشەپێدانی دەستکەوتەکانی مرۆیی، بە جۆرێکی تر چەمکی گەشەپێدانی مرۆیی زیاتر فراوان و گشتگیرە لەسەر چەمکەکانی گەشەپێدان، ئەوانەی کە باوبوون و تەنها پشتیان بەوە دەبەست، کە گەشەپێدان زیاتر لەو چەندایەتییە کورت بکەنەوە، کە تاك بەدەستیدەهێنێت لە کاڵا و خزمەتگوزاری، کە هەرکەسێك توانی زۆرێك لەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی بەدەستدەهێنا، ئیدی دەتوانێت ئاستی بژێوی بەرزبکاتەوە و بەجۆرێکی تر خۆشگوزەرانی زیـاد دەبێت و لەوێدا گەشەپێدان بەدەستدەهات.

تا ئەوکاتەی چەمکی گەشەپێدان فراوان بوو، ئامانج و نیازەکانی تری گرتەوە سەرەڕای ئامانجی ئابوری، ئیدی گەشەپێدان لەگەڵیدا پەیوەستبوو بەئاستی بەرزی ژیانی مـرۆڤ، نـەك بە تەنها ژیانیان. بـڵاوکـراوە یـەك لـەدوای یەکەکان لە راپۆرتەکانی گەشەپێدانی مرۆیی بەرنامەکانی

گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختدەکرێتەوە لە چەندین پرسی تایبەت بە ئاستی بەرزی ژیانی مرۆیی وەکو: هەژاری مرۆیی: مەبەست لێی هەژاری داهات نییە، بەڵکو چەمکەکە بۆ ئەوەیە، کەبێبەشکردنی مرۆڤە لەژیان بەو شێوەیەی کە پێویستە بژی، بۆ نموونە: ژیانێکی درێژخایەن کە لە تەندروستی و تواناکانی داهێنان بەهرەمەند بێت و سود لە ئاستی ژیانێکی شایستە وەربگرێت بە ئازادی و رێز و کەرامەتی ئەوانی دیکە، یەکسانی لەنێوان هەردو رەگەزەکەدا، ئاسایشی مرۆیی نەك لە تێڕوانینە کلاسیکەکانەوە، کەپشت بە پارێزگاری بەرژەوەندی نەتەوەیی دەبەستێت لە دوژمنانی دەرەکی یاخود پاراستنیان لە نەخۆشی و برسێتی و بێکاری، بەڵکو لەڕێگەی ئەم چەمکەوە زیاتر و گشتگیرتر بێت و چەندین بـواری نوێ بگرێتەوە لە ئاسایش وەك: ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تاکەکەس، تەندروستی، ژینگە و خۆراك.

## چەمك و مانای گەشەپێدان:

گەشەپێدان بەمانا گشتگیرییەکەی بریتییە لە دەستەبەری میکانیزم و شێوازەکان و هۆکارەکان بۆ هەر تاکێك لە دەستراگەشیتنی بەهەلی یەکسان و چوون یەك.

بەپێی ئەم چەمکە بێت زیاتر جەخت لەسەر رەهەندە مرۆییەکە دەکرێتەوە کە بە مانایەکی تر وا لە تاك دەکات بەشدارێکی سوودمەندبێت لە پرۆسەکانی گەشەپێداندا، گەشەپێدان چوار رەگەزی سەرەکی دەگرێتەوە:

بەرهەمهێنەری: دەستەبەری هەلومەرجی گونجاو بۆ تاکەکان. تا بتوانن بەرهەمەکانیان زیاد بکەن.

عـەدالـەتـی کـۆمـەڵایـەتـی: یەکسانی تـاکـەکـان لە دەستڕاگەیشتن بە هەمان هەل.

بەردەوامی: گرەنتی دەستڕاگەیشتنی تاکەکان بە گەشەپێدانی بەردەوام.

توانایی: فەراهەمکردنی هۆکارەکانی کلتووری و فێرکردنی مادییانە، بۆئەوەی تاك بتوانێ بەشداری بکات لە دەرکردنی بڕیار و فەرمانکردن لەو سەرچاوانەی، کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە.

بەڵام گەشەپێدان لەڕووی زمانەوانییەوە بە مانای زیادکردن و چاککردن و فراوانکردن دێت، وەك زاراوەش وا ناسراوە ئەو پەرەسەندنەیە، کە سیاسەتەکانی دەوڵەتی پاشکۆ بەدەستی هێناوە لەو بوارەدا. ناوەڕۆکی ئەو زاراوەیەش بەگوێرەی پێوانەو ئاماژە بابەتییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ زانیاریش ئەو ئاماژانە پێویستییان بەچاودێری بەردەوام و پێداچونەوە هەیە، مەبەست لەو گۆڕانە لەڕووی پێشبینی و توانای داهاتووەوە، لەڕوویەکی ترەوە ئەم زاراوەیە لەنێوان ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردودا لەو وڵاتانە دەرکەوتن، ئەوانەی لەدەست داگیرکاری قوتاریان ببوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان جودای کردونەتەوە و لەوکاتەوە دەردەکەون، کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری قوڵی کۆمەڵایەتی و ئابوری روویانداوە بۆ گەیشتن بەقۆناغی گەشەپێدان.

لەوکاتەدا وا بەکاردەهات وڵاتانی پێشکەوتو و وڵاتانی دواکەوتوو، ئەوەش پشتی دەبەست بە گەشەپێدان و گەشەی ئابوری.

ئەو ناوزەدکردنەش پشتی دەبەست بە بناغەی گەشەپێدانو گەشەپێدانی زانستی گۆڕاو بەشێوەی بەدوای یەکدا لەبوارەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێش ئەوەی، کە ئامانج بێت یان ئاستێکی دیاریکراو لە پەرەپێدانی کۆمەڵگە. لەو روانگەوەئەو دەستەواژەیە رەتکرایەوە، وڵاتانی دواکەوتوو لەبەرئەوەی ئاماژەبوو بۆ یەك حالەت و دواجار گۆڕا بۆ وڵاتانی گەشەکرد و یان لە گەشەکردندان.

## چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵگە:

نەتەوە یەکگرتووەکان گەشەپێدان ئاوا پێناسەدەکات، کە بریتییە لەو پرۆسانەی دەتوانێت سەرجەم تواناکانی هاوڵاتیان و حکومەت یەکبخات بۆ چاککردنی حالەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری لە کۆمەڵگەکەماندا بۆ هاوکاریکردن و تێکەڵبوون لەکۆمەڵگە و هاوبەشیکردن لە پێشخستنی بە بەرزترین توانا.

## چەمکی رۆڵ:

د.نادیە جەمالەدین ئـاوا پێناسەی رۆڵ دەکـات، کە کۆمەڵێك سیفات و پێشبینیە لـەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە پێگەیەکی دیاریکراو. رۆڵ بایەخێکی کۆمەڵایەتی هەیە چونکە ئـەوە رووندەکاتەوە، کە چالاکی تاکەکان گرێدراوی کۆمەڵایەتین و پاشکۆی یاخود لاساییکەرەوەی چەند رەفتارێکی سنوردارە، ژنیش لە خێزانەکەیدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە و کۆمەڵێك شێوە رەفتاری لێ چـاوەڕوان دەکرێت، کە رۆڵی پێویست بەرجەستە بکات. ژن رۆڵێکی پێوانەیی بەرجەستە دەکات وەکو ژن و دایك، هەروەك ئەو رۆلەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت.

## چەمکی رۆڵی ئابوری:

هەموو ئەو رۆلە ئابورییەی کە ژن دەیگێڕێت لەناو ماڵ و لە دەرەوەی ماڵ بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی خێزان یان کۆمەڵگە لەڕێگەی بەدەستەێنانی سودی ئابوری بە مانای ئەو چالاکییە بەهایەکی ئابوری هەیە و دەتوانرێت هەڵبسەنگێرێت و پێوانە بکرێت.

## چەمکی ڕۆڵی کولتوری:

توانای ژنە لەو هەڵسەنگاندنەی، کە وەریدەگرێت لە زانست و زانیاری لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنە جیاوازەکان، کە فاکتەرە بۆ ڕۆڵی ئەو لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پرسەکانی سەردەم و کرانەوەی بەڕووی دنیای دەرەوەدا، فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەو بوارەدا هەرچەندە ژنان زیاتر فێرببن زیاتر لەوە تێدەگەن، کە ڕووبەڕووی دیاردە خراپەکان دەبنەوە و دواجار دەیانگوازێتەوە بەرەو پەیوەندیکردن بەدنیای دەرەوە.

## چەمکی ڕۆڵی سیاسی:

ئەو چالاکییانەیە کە ژن پێیهەڵدەستێت لە پیادەکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان وەها بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی و نوێنەرایەتی، هەروەها بەشداریکردن لە سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی لە بەردەم یاسادا.

## ئاماژەکانی گەشەپێدان:

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەناویاندا سندوقی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ئاماژانەی دیاریکردووە، کە یارمەتیدەرە بۆ پێوانەکردنی گەشەپێدانی مرۆیی بەمانایەکی گشتگر و هەڵسەنگاندنی ئەمەش گرنگترین ئاماژەکانە:

**1-ئاماژەی گەشەپێدانی مرۆیی**

ئەم ئاماژەیەسێ ڕەگەز لەخۆدەگرێت:

-ماوەی ژیان پێوانە دەکرێت بە تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبوونەوە.

-ئاستی فێرکردن بە بەکارهێنانی ئەو ئاماژەیە پێوانەدەکرێت، کە پێکدێت لە سێیەکی تێکڕای فێرکردنی گەورەکان (نەهێشتنی نەخوێندەواری) و سێیەکی تێکڕای وانەوتنەوە (هەمو ئاستەکانی فێرکردن).

-ئاستی بژێوی کە بە بەرهەمی نەتەوەیی پێوانەدەکرێت، بەگوێرەی ئەوەی بۆ هەر نیشتەجێیەك.

ئاماژەی گەشەپێدانی مرۆیی بریتییە لە تێکڕای ژمارەی کۆی ئەو سێ رەگەزەی باسمانکرد.

**2-ئاماژەی پەیوەست بەجۆری کۆمەڵایەتی**

ئەو سێ پێوانەیەی کە لەڕێگەیەوە گەشەپێدانی مرۆیی دیاری دەکات جگە لەوەی ئەو سێ پێوانە و گۆڕاوانەی کە جیاوازە لە ناوەڕۆك و ئاستی شیکردنەوە و ئامانجەکان لەخۆدەگرێت.

لەم چوارچێوەیەدا کە پێویستە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان رەنگبداتەوە لەنێوان ژن و پیاودا و ئەنجامی پێوانەکەی مامەلەی توندی جیاوازییەکان (نەبوونی یەکسانی) لەنێوان ژن و پیاودا.

بەگوێرەی ئەو میتۆدە کە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو ئاماژەیە بۆ چاودێریکردنی دیاردەی نەسەلماندنی پرەنسیپی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لێرەوە ئامانجەکە بەرەو گۆڕانە لەسەر ئاستێکی دور. ئەو ئاماژەیەش لەسەر وڵاتێکی دیاریکراو ناوەستێت و نایەتەخوارەوە کاتێك تەنها ئاستی گەشەپێدانی ژن و پیاو پێکەوە، بەڵکو کەلێنێکی فراوانی گەشەپێدانە لەنێوانیاندا، کە ئەوەش رەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئاستی وڵاتێك و پێگەی ئەو لەنێوان وڵاتانی تردا.

**3-ئاماژەی بەشداری ژنان**

ئەم ئاماژەیە جەخت لەسەر ئەو گۆڕاوانە دەکاتەوە:

هاوبەشی ژنان لەبواری دەرکردنی بڕیاردا

دەلاقەکراوەکانی بەردەم ژنان

هەروەها بایەخ بەوە دەدات ئەگەر ژنان و پیاوان توانای هاوبەشیان هەبێت و کاریگەربن لە ژیانی سیاسی و ئابوریدا لەسەر ئەو بنەمایەی، کە مرۆڤ رەگەزی بنەرەتییە لەگەشەپێداندا نەك وەك سودمەندێك بە تەنها، بەڵکو وەك دروستکەر. گەشەپێدانیش وەك ئەوەی بەشدارییەکە دەیخوازێت لەهەر تاکێك لەنێویاندا خودی ژنان و ئەم بەشدارییەش پەیوەندییەکی متمانەپێکراوە لەگەڵ بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەشێوازی وابەستەیی کولتوری و ئەوانیتر، کە رێگرن لەبەردەم ئەم بەشدارییەدا. ئاشکرایە بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بەبێ بەشداری ژنان لە ئاستە جیاجیاکان ئەنجام نادرێت، وەکو ئاستەکانی کۆمەڵایەتی ئابوری سیاسی.

بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئاستی رۆڵی ژنان بکەین لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە پەیوەست بە رۆڵی ژن وەکو هاوسەر و دایك ئەو رۆڵە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی وەچەخستنەوە ئەوەش بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەی بەردەوام، لەڕووی کاریگەری فاکتەرەکانی دانیشتوان و ژینگە، کە ئەم فاکتەرانەش پێداویستییەکان پڕدەکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا.

ئەمەش ئەو ئاماژەیە بەڕوونی دەردەخات هێزی پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوام و پاشماوەی کاریگەرییەکانی لەڕووی ژینگەییەوە، ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپی سیاسەتی دانیشتوان، کە هەوڵدەدات رووبەڕووی کاریگەری پێچەوانە ببێتەوە لەسەر ژینگە و دەستەبەری بەکارهێنانی نموونەی

سەرچاوەکان بکات. لێرەدا چەندین بەڵگە هەیە، کە ئاماژە دەکات بۆ بەشداری ژنان لە دەرکردنی بڕیاردا، کە کاریگەری هەیە لەسەر وەچەخستنەوە و هاوبەشییەکانی لە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە و جێبەجێکردنی، کە بەمەرجەکانی پێویستی ئەژمار دەکرێت لە جێبەجێکردنێکی چالاکی سیاسەتی دانیشتوان، کە دەبێتەهۆی هەڵسانەوەی گەشەپێدانی بەردەوام و نموونەیەکی باش لەمافەکانی مرۆڤ بەوپێیەی مافەکانی وەچەخستنەوە بەشێکە جیانابێتەوە لە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی بۆ ژنان (بەوپێیەی کە قورسایی دوگیان بوون و لەدایکبوونی لەسەر شانە) ئەوەش یارمەتی دەدات لە دەرکردنی ئەو بڕیارەی، کە پەیوەستە بە ژیانی کەسێتیو کۆمەڵگە و هاوبەشی چالاکانەی لە گەشەپێدان کە سودی هەبێت بۆی.

پۆلێنکردن بەگوێرەی پێوانەی گەشەپێدانی مرۆیی لای نەتەوەیکگرتووەکان چوار حاڵەت دەستنیشان دەکات:

**یەکەم: جیهانی پێشکەوتوی ئابوری مرۆیی.**

**دووەم: پێشکەوتو لەڕووی مرۆیی و دواکەوتو لەڕووی ئابورییەوە.**

**سێیەم: پێشکەوتو لەڕووی مرۆیی لەپێناو گەیشتن بەرەو پێشکەوتنی ئابوری.**

**چوارەم: دواکەوتو لەڕووی ئابوریو مرۆییەوە.**

ئەگەر حالەتی دووەم و سێیەم بەدەربکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی لە پلەکانیان لەژێر ڕۆشنایی پێوانەی پێشکەوتنی گەشەپێدانی مرۆیی، دەبینی تەنها دوو حالەت دەمێنێتەوە، کە یەکەم بۆ جیهانی پێشکەوتو و دووەم بۆ جیهانی دواکەوتو.

ئەوە پەیوەندی بەجیهانی پێشکەوتووەوە هەیە، کە چەندین پەیرەوی زانست و تەکنۆلۆژیای نوێ دەکات، بێگومان هەمو هەوڵێکدەدات لەپێناو پارێزگاری لەسەر بەردەوامی و مانەوەی لە پێشەنگی پێشکەوتنەکەیدا، جا چ لەڕێگەی هەوڵی زۆربێت بۆ گەشەپێدانی گەلان و پەنابردن بۆ کۆکردنەوەی عەقڵی مرۆیی لەهەمو جۆرەکان و ئەوەی پێویست بکات.

لەڕاستیدا سەرچاوەی دڵنیایی ئەو وڵاتانە لە نهێنی ئەو پێشکەوتنە و باڵاکردنە تەنیا لەوەدا بەدیاردەکەوێت، کە خاوەن ئەو عەقڵانەن توانای داهێنانیان و دەستپێشخەری بەردەوام و خێرایی لە وەڵامدانەوەی پێویستە نوێیەکان، کە ژینگەی نێودەوڵەتی دەیەێنێتە پێشەوە، بەڵام جیهانی دواکەوتو یان گەشەکردو لە کاروانی خۆیدا بەرەو هاوکێشەیەکی باشتر لەگەشەپێدانی مرۆیی رووبەڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە، کە دەیگەیەنێتە پلەی نەخۆشی درێژخایەن: کە گرنگترینیان ئەمانەن:

هەژاری: لە گرنگترین ئەو نەخۆشیانەن کە رووبەرووی کاروانی گەشەپێدانی مرۆیی دەبێتەوە لەجیهانی گەشەکردودا، ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نیوەی دانیشتوانی جیهان هەژارن لەوانە نزیکەی 1,3 ملیار مرۆڤ لەژێرهێڵی هەژارییەوەن.

لەگەڵزیادبوونی بۆشایی نێوان دەولەمەندو هەژار لە لایەك و ئاماژەکانی یارمەتی و هاوکارییەکانی بەرەو دەوڵەتانی گەشەکردو دادەبەزێت و ئەمەش ئەو حالەتە دروست دەکات، ئەو وڵاتانە ناتوانن لە داهاتودا لای کەمی ژیان بۆ گەلانیان فەراهەم بکەن.

نەخوێندەواری: مەترسییەکی دیارە لەسەر گەلانی دەوڵەتانی گەشەکردو لەگەڵ ئەوەی کە سەرچاوەکان و دابینکردنی سەرەتاییەکانی ژیان لەسەر بنەمای دەستەبەری پێداویستییە بناغەییەکان کورتی هێناوە وەکو خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ، ئەو سەرچاوانەی دیکە ماونەتەوە، کە پێویستە بەشێك بێت لەوانە وەکو فێرکردن، کە بوونی نییە بەگوێرەی پێویستییەکانی تر، ئەمەش پەیوەندی بەو سیستمە دواکەوتووەی فێرکردنەوە هەیە، کە باوە لەو وڵاتانەی پێویستە شان بەشانی شارەزایی و پێداویستییەکانی بڕۆن بەرەو ئابوری جیهانێکی گۆڕاو.

هەربۆیە لەو وڵاتاندا دروشمی نەهێشتنی نەخوێندەواری زۆر باوە، لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروشمی فێرکردنی باڵای بۆ هەموان بەرزکردۆتەوە.

پیسبوونی ژینگە: ئەوەی کە هەرەشە لە وڵاتانی گەشەکردو دەکات، پەیوەندی بە زۆربوونی پیشەسازی جیهانی پێشکەوتووەوە هەیە، کە پیسبوونی ژینگە ڕەوانەی وڵاتانی گەشەکرد و دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری وڵاتانی گەشەکردو بۆ چەمکی ئاسایشی ژینگەیی، کە خۆی لە فەراهەمکردنی شێوازەکانی ژیانێکی پاکژ و بەتاڵ لە زیان و پیسبووندا دەبینێتەوە. ئەوەش بۆ ئەو تەکنۆلۆژیا پیسە ژینگەییە دەگەڕێتەوە، کە وڵاتانی پێشکەوتو لەژێر خاکدا دەیشارنەوە و باشترین شوێنیش وڵاتانی تازە گەشەکردووە، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە تازە هەست بەوە دەکرێت ئەو شێوازە تەکنۆلۆژیایە زیان بە تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنێت.

مەرجەکانی بازرگانی جیهانی: ناچونیەکی و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی ئابوری وڵاتانی

تازەپێگەیشتو، کە دەبێتە هۆی سەپاندنی چەندین مەرجی زۆرەملێ بە گرتنەبەری ئەو پاراستنانەی، کە دەوڵەتانی باکور بەو زیانانەی بە وڵاتانی هەژاری دەگەیەنن وەکو یەکێك لەڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئەمەریکا بەناوی (ئۆکسفام ئەنتەرناسیۆنال) بەبڕی نزیکەی (700) ملیار دۆلار لەجیهاندا، واتە نزیکەی (14) جار زیاتر لەو یارمەتییەی کە تەرخانکراوە بۆ هاوکاری ئەو دەوڵەتانە...!!

لە لایەکی تـرەوە شکستی دانوستانەکانی (سیاتل)، سەلمێنراوە لەبارەی ناکۆکییەکانی جیهانگیریی، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتو و تازەگەشەکردودا، هـەروەك گوزارشتی ئەو دروشمەی لە خۆپیشاندانەکانی (سیاتل) سەلمێنراوە لەبارەی ناکۆکییەکانی جیهانگیری و نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان بـەرژەوەنـدی وڵاتانی پێشکەوتو و تازەگەشەکردودا، هەروەك ئەو دروشمەی کە لە خۆپیشاندانەکانی (سیاتل) دەیڵێنەوە (بازرگانی ئازادمان ناوێت، بەڵکو بازرگانییەکی دادپەروەرمان دەوێت).

قورساییەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا: پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای هـاوچـەرخ لە زانـیـاری پەیوەندیکردن و شێوازەکانی بەرهەمهێنان، بەربەست و قورساییەکی زۆری خستۆتە سەرشانی ئابوری وڵاتانی تازەگەشەکردو، سەرمایە و تەکنۆلۆژیا کار نییە بەتەنها، بەڵکو فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی سەرەکی و بزوێنەری نـاو ئابوری جیهانیە، ئـەوەی کە بەربەست دروسـت دەکـەن، بۆ گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان و بەکارهێنانەکانی، کە دواجار ئەنجامی کۆتایی دەبێتەهۆی زیادبوونی رێژەی بێکاری و بەریەککەوتنەکانی یان تەکنیکییەکان. بۆ نموونە ئەگەر کارخانەیەك شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنانی هاوردەکرد بەهێنانی هەندێك ماکینەی پێشکەوتو، ئەگەر توانا مرۆییەکان لەئاستی ئەوەدا نەبوو

هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەو شێوازە نوێیەدا، بۆیە دەبێت هاوشان لەگەڵیدا دەستبەرداری ببێت.

لەکۆتاییدا راستییەکان بەتێپەڕبوونی زریانی جیهانگیری و هەنگاوەکانی، کە لە ناواخنیدا پێوانەکانی مانەوەی بۆ باشتر هەڵگرتووە، ئەوەش زۆربەی جار دورە لە پێوانەکانی مرۆیی، کە هەوڵدەدات بۆ چەمکی مرۆیی و بەدەستهێنانی.

هەربۆیە لەسەر دەوڵەتانی تازەپێگەیشتو پێویستە، کە لە بێئاگایی بەئاگابێنەوە لەو بڕوایەی بەریەککەوتنە رووکەشیەکانی ژیانی مـادی رۆژئـاوا بە مانای ژیانێکی خۆشگوزەران نییە! بەڵکو پێویستە بڕوای بەو سەرهەڵدانانە هەبێت، کە پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی مەرجدارە بە تواناکانی دروستکردنی ئیرادەی نیشتیمانی هۆشیارانە، کە بتوانێت رووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببێتەوە، کە سیستمی جیهانی نوێ دەیسەپێنێت، کە مەبەست لە جیهانگیرییە.

توانای وڵاتانی تازەپێگەیشتو لەسەر ئەوە وەستاوەتەوە، کە بتوانێت بوونی خۆی لەداهاتودا بسەلمێنێت بەتوانای نەوەکانی بەهەڵکردن لەگەڵ پێشکەوتن و بەرکەوتنەکانی کاریگەر نـەك بەڕووکەشی، تا بـەشـداری شێلگیرانە لە دروستکردنی پێشکەوتن، نەك تەنها بەرهەمەکەی وەربگرێت و بەس.

## تێکەڵکردنی کاری ژنان و گەشەپێدان

لە کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم بایەخی ئەم لایەنە دەرکەوت وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەری فەرامۆشکرد (فەرامۆشکردنی ناوهێنانی ژن لە گەشەپێداندا).

لە هەندێك لایەنەوە بەو بیانووەی، کە ژن ئاوێتەیە لەپرۆسەی گەشەپێداندا، بەڵام بەشێوەیەکی نایەکسان.

ئەم میتۆدە کار بۆ ئەوە دەکات لەسەر بنەمای حسابکردن بۆ ژنان لەناوەوە و دەرەوەی ماڵدا، لەبری ئەوەی فەرامۆش بکرێت و کاتەکانی بەبێ بەرهەم بەکاربهێنرێت.

سیاسەتی ژنان و گەشەپێدان پشت دەبەستێت بەوێنای بەرنامەیەکی پلان، کە زیاتر عەدالەت و مەنتیقی تێدا بێت و دابەشبوونی رۆڵ و رێزگرتنی یەکسانی بەهەند وەربگیرێت بۆ ئەو هەوڵەی، کە هەر تاکێك دەیدات.

جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)، وەکو بەشێك لە پلانی کارکردن لە بەرنامەی گەشەپێدان سەرەڕای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گوتارە سیاسیەکان و ئەوانەی کە لە گۆنگرە نێودەوڵەتییەکانەوە دەکەونەوە و تایبەتە بە ژنان، بەڵام پلان داڕێژەرانی بەرنامەی گەشەپێدان لەجیهانی عەرەبیدا بە مەنتیقێکی کلاسیکی دەڕواننە ژنان، بەواتا تەنها وەك رۆڵی وەچەخستنەوە تەماشای دەکەن.

رۆڵی بەرهەمهێنانی ئەوان لەماڵ و لە دەرەوە فەرامۆش دەکەن، ئەم تێڕوانینە دەبێتەمایەی لاوازکردنی پلانەکانی بەرنامەی گەشەپێدان، کە پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی ژنان پڕبکاتەوە یاخود وەڵامــدەرەوەی بێت و هەروەها فەرامۆشکردنی زۆرێك لەپێگە و رۆلەکانی تریان، کە ئەوەش شکستێکی گـەورە بۆ پڕۆژەکان لە بەجیەێنانی ئامانجە دیارەکاندا.

لەم چوار دەیـەی رابــردودا دانپێدانانی پلە بەپلەی رۆڵی ژنان زیاتر دەرکەوتووە، کە لە دەیەی چوارەمدا لە پێشینەیەکی زیاتری داوەتە پرسی ژنان لەڕێگەی بنیادنانی چەمکی (جێندەرەوە)، بەشێوەیەك توانای ئەوە دروست بووە، کە دەتوانرێت بڕوا بە بەرپرسان و نەخشەداڕێژەرانی بەرنامە و پڕۆژە جیاجیاکان بەێنرێت، کە کێشەی جیاوازی

نێوان هەردو رەگەز هەم راستییە و هەم جۆراوجۆرە، کە لە شارێك بۆ شارێکی تر و لە ژینگەیەك بۆ ژینگەیەکی تر و لە وڵاتێکدا جیاوازە. هەروەها دەتوانرێت بڕوایان پێ بهێنرێت، کە ژنان بەدەست ئەم جیاوازییانەوە دەناڵێنن لە هەمو جیهاندا لەگەڵ جیاوازی کێشە و گرفتەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

پرسی بەشداری ژنان لە گەشەپێداندا بە تەنها مانای گەشەپێدانی تواناکان نایەت، بەڵکو بە مانای چارەسەری پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی دێت، کە تەنها وەکو پرسێکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئەژمار ناکرێت، بەڵکو پرسی مانەوە و پەرەپێدانە لەپێناو دەرچوون لە بازنەی سیانی هەژاری، نەزانی، دواکەوتن و گەیشتن بەڕاستی گەشەپێدان، چەمکە گشتگیر و تەواوەکەی لەڕوانگەی ئەوەی جێندەر چەمکی جیاوازی لەنێوان هەردو رەگەز بەشێکە لە پلانی کاری بەرنامەی گەشەپێدان و پێویستە چەمکی جێندەر بخرێتە ناو سەرجەم بەرنامەو چالاکییەکانەوە لەنێو پرۆسەی گەشەپێداندا، بەمانایەکی تر جەختکردنەوە لە چەمکی گەشەپێدان لەسەر مرۆڤ چ پیاو بێت چ ژن، کارکردن لەسەر ستراتیژ و بایەخی ژنان دەکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە بەرنامەکانی گەشەپێدان.

## گرفتەکانی ژنان و گەشەپێدان

چوار رەگەزەکەی چەمکی گەشەپێدانی مرۆیی (بەرهەمهێنان، تواناکان، یەکسانی، بەردەوامی) چارەسەری چەندین پرسی هەڵواسراو دەگرێتەخۆی بەجۆرێك، کە تێدا پرسەکانی گەشەپێدان و بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، کە دانپێدانان بەڕۆڵی ژنان لەگەشەپێداندا لەم چەند دەیەی

دوایدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە:

**دەیەکانی بایەخدان بە گەشەپێدان**

1960 – 1970 ژنان وەکو دەستەیەکی دابڕاو ناویان نەهاتووە

1970 - 1980 سەرەتاکانی دەرکەوتنی تێکەڵبوونی ژنان بە گەشەپێدانەوە.

(کۆنگرەی مەکسیك ساڵی 1975 و کۆنگرەی کۆپنهاگن 1980)

1980 – 1990 کۆنگرەی نایرۆبی 1985، کە بەڵگەنامەیەکی داڕشت بانگەشە بۆ بەشداری ژنان دەکات لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. لەساڵی 1979 ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی مۆرکرا بۆ پرسی هەمو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان و لیژنەیەکی تایبەت بەنەهێشتنی جیاوازی دژی ژنان (CEDAW).

1990 – 2000 رۆڵێکی بەرچاوی دا بە ژنان بەجەختکردنەوە لە پێویستی کارکردن لەسەر چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی (کۆنگرەی ژینگەی بریو، کۆنگرەی مافەکانی مرۆڤ لە ڤیەننا، کۆنگرەی گەشەپێدان و دانیشتوان لە قاهیرە، کۆنگرەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆپنهاگن، کۆنگرەی چوارەمی ژنان لەبەرلین).

زۆربەی خەملاندنەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە50% زیاتر ڕێژەی ژنان، لەزۆربەی دەرئەنجامەکان و بەڵگەنامە ئامادەکراوەکان بۆ کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانی پێشو، کەزۆربەی کۆتو پێوەندەکان لەسەر ژنانی عەرەبی سنور دادەنێت لەبەردەم بەشداری ژیانی مەدەنی، سیاسی، دەستوری، تەندروستی، ئابوری و... هتد بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تازەپێگەیشتوەکانی تر، کە لێرەدا کۆسپی یاسایی

و كۆمەڵایەتی وەکو پاشماوەیەکی دواکەوتوانە، کە رێگرە لەبەردەم هاتنەپێشەوەی بەشێوازێکی تەواو لەسەر رێرەوی گەشەپێدان و بۆشاییەکی گەورەش هەیە لەنێوان ژن و پیاودا لە دەرکردنی بڕیارە چارەنوسسازەکان لەبارەی خودی خۆی و کاروبارەکانی کۆمەڵ و خێزان.

لە زۆربەی وڵاتاندا بێبەشکراون لە فێرکردن و کارکردن و هاوسەرگیری پێشوەختییان بەسەردا سەپێنراوە و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان لەسەر بنەمای وەچەخستنەوە دیاریکراوە.

## بۆچی جێندەر لە پلانی گەشەپێداندا؟

پلان پرۆسەیەکی بەردەوامە... کاری رۆژانەیە هەمو کەرتەکان دەگرێتەوە، پلانیش دەبێت لەسەر دوو ئاست بێت:

-ئاستی دەوڵـەت: ئەویش بە پلاندان و گەشەپێدان نـاسراوە و ئەمجۆرە پێویستی بە پلانێکە، کە لەلایەن پسپۆڕانەوە دابنرێت و هۆشیاری بڵاوبکاتەوە، بەکارهێنانی نەرمی پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانگاریەکانی کۆمەڵگە.

-ئاستی کۆمەڵگە لۆکاڵیەکان، ئەویش بۆ جێبەجێکردنی پلانی نیشتمانی، کە دەبێت پلانی بچوك دابنرێت و بتوانرێت جێبەجێ بکرێت و پەیوەست بێت بە پێداویستەکانی کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵی، هـەروەهـا دەبـێـت ئـەو پلانە وەڵامـدەرەوەی پێداویستی و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە بێت لەبەر رۆشنایی توانا و سەرچاوەکانی دارایی و مرۆیی.

پلاندانانی گەشەپێدان ئەوەی کە لە وڵاتانی عەرەبی باوە لاوازییەکەی سەلمێنراوە، کە ناتوانێت ئارەزوی تاکەکانی لە ژن و پیاو بەدەستبهێنێت و ئەنجامەکەشی زیادبوونی هەژاری و

جیاوازی چینایەتی بووە. سەرەڕای بانگەشەی وڵاتانی عەرەبی لەسەر کارکردنی بەردەوامی گەشەپێدان، تاکو ئێستا بەدەست کێشە و گرفتەوە دەناڵێنن.

هەروەها سـەرەڕای ئـەوەی کاروانی گەشەپێدان لە زۆرێك لەوڵاتان چەندین دەست کەوتی لە مەیدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و دانیشتوان بەدەستەێناوە، بەڵام تاکو ئێستا ئەو کاروانە وەك پێویست نەیتوانیوە سود لەسەرچاوە مرۆییەکان وەربگرێت یاخود بەخراپی سودی لێوەرگرتوون بەتایبەتی ژنان، سود وەرنەگرتنی گەشەپێدانی سامانی مرۆیی ژنان بە زنجیرەیەکی ونبوو دادەنرێت لە گەشەپێدانی وڵاتانی عەرەبی.

تا ئەوکاتەی دەتوانرێت جێندەر بەشێکی جیانەکراوە بێت لە گەشەپێدان و لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویستە لەسەرەتادا بەدوای هۆکارەکانی رێکخستن و پلاندانانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە بین و شیکردنەوە هەبێت بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی پلاندانان بۆی، ئینجا دانانی ستراتیژی و تێکەڵکردنی جێندەر بە بەرنامەکانی گەشەپێدان و دواجار دیاریکردنی رێگاکانی جێبەجێکردن و دەستنیشانکردن و راستکردنەوەی.

**ئامانجەهەستیارەکانی جێندەر و ئاماژەکانی**

1-ئامانجەکانی جێندەر چییە؟ ئەم ئامانجە هەموو ئەو گۆڕانکاریانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بەجێندەر و پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە.

ئـەمـەش بەشێك لـە نمـونـەی ئـەو ئامانجانەیە،کە وەڵامدەرەوەی جێندەرە:

-بەشداری زیاتری ژنانی لادێ لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا.

-ئەو بۆشاییە دژبەیەکەی لەنێوان بەشداری هێزی کار و

هاوکێشەکانی بەگەڕخستنی ژنان و پیاوان.

-هاوبەشی زیاتری نێوان هاوسەرەکان لەکاری ناوماڵ و ئەرکی چاودێریکردنی منداڵان.

-پاراستنی هەلی یەکسانی کارکردن.

-بەهێزکردنی بەرنامەی فێرکردنی ئێستا بۆ خاوەن کار و بەتایبەتی بۆ ژنان.

-رەتکردنەوەی وێنە کلاسیکی و باوەکان لەڕۆڵی ژنان و پیاوان لەخوێندنگاکاندا.

-دامەزراندنی بەرنامەکانی راهێنانی ژنانی لادێ دەربارەی سەرکردایەتی و شارەزایی رێکخستن و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان.

2-ئاماژەکانی جێندەر چییە؟ ئەو پێوانە دیاریکراوانەن یان ئەو ئامانجانەن، کە دەتوانرێت لەڕێگەیانەوە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجی جێندەر هەڵبەسەنگێندرێت.

ئامانجی ئەو پڕۆژانەی کە مەبەستی ئەو پێوانانەیە بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەی کاری ئەو ئاماژە بەسودانەی، کە لە دارشتن و خەملاندنی و دەستنیشانکردن و نوێکردنەوەی چەمکەکان لەو بوارەدا.... هەڵسەنگاندنی ئەو دەرخستانە و بوونی بۆشاییەکان لەنێوان نەوەکان و بەکارهێنانی ئامارەکانی جێندەر.

راسپاردەکردن بە سیستمی دەستەبەرکردن و بناغەی دەرخستە سیتماتیکیەکان و بەرهەمهێنانی ئاماری جێندەر و ئاماژەکانی.

3-پرسەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی ئامانجە هەستیارەکانی جێندەر، لە پەرەپێدانی ئامانجە هەستیارەکان بەوە ناوەستین، کە جێندەر زیادبکەین وەکو گۆڕاوێك لە

چوارچێوەی کاری بەرنامەکاندا، بەڵکو دەبێت جێندەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ تـەواوی ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کولتورییەکانی گەشەپێدان.

**ئەمەش هەندێك لەو نمونانەیە کە ئەوە ڕوودەکاتەوە:**

-ژنان لە بەرنامەکانی ژیاندا: پێویستە ژنان تواناداربن لە دەستڕاگەیشتن بەقەرزەکان بەرنامەکانی ژیاندا، ئەوەش ناکرێت بەبێ ئەوەی میکانیزمەکانی چاودێری منداڵان بەهێز نەکرێت.

-ژنان لە سیاسەتدا: زۆربەی یاساکان بواری ژنان و پیاوان دەدات بۆ چوونەناو شەڕێکی سیاسی، بەڵام لەڕاستیدا ژنانی گەنج زیاتر سەروکاری چاودێری منداڵان دەگرنەئەستۆ بە حوکمی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەوان و سەختی ئەو کارە بە سیاسەتەوە و سازان لەنێوانیاندا و لەنێوان داخوازییەکانی چاودێری مندالەکانیان.

-ژنان و ڕاهێنان: ئەو بایەخانەی کە لە ڕۆڵی ڕاهێنانەکاندا لایەنە پەیوەندیدارەکان دایدەنێت لەسەر پیاوان لەڕووی ڕاهێنانیان کاتێك ژنان دەستهەڵدەگرن لە پیشە دەستیەکاندا.

**شیکردنەوەی کاریگەریەکانی داهاتوی جێندەر لەسەر داهێنان و خزمەتگوزارییەکان:**

1-کاریگەرییەکانی جێندەر چییە؟ دارشتنی پلان و سیاسەت و بەرنامەکان بەو پێیەی ببێتە فاکتەری ئەنجامێکی دیاریـکراو بۆ نموونە زیـادبـوونـی داهــات، چاککردنی شارەزاییەکان لە بەرامبەردا ئەو کاریگەری و تێبینیانە دەتوانرێت ببێتەهۆی گۆڕان یان جیاوازی لە بوارەکانی تری ژیانی ژن و پیاودا. ئەم بە هایەش کاریگەری سیاسەتەکانی جێندەرە، لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

هەر بۆ نموونە:

زیادبوونی داهاتی ژنان توانایەکی زۆرتر و سودێکی زۆرتریان دەداتێ لە دروستکردنی بڕیارەکانی ناو ماڵ. لە کاتەکانی تردا ژنان دەتوانن کاروبارەکانیان باشتر بەڕێوەبەرن و چاودێری منداڵەکان باشتر دەگرنەئەستۆ و زیاتر هانیان دەدات بەرەو بەشداریکردن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەنێوان ژنان و پیاوان لە کاروبارەکانی ناو ماڵ.

2-بایەخی لێکۆڵینەوە و کاریگەریەکانی بەرنامەکە چییە لەسەر ژنان و پیاوان؟

دەستێوەردانە کۆمەڵایەتییەکان، بە بەرنامەکانی فێرکردن و هاوکارییە تەکنیکی و مادییەکان دەبێتەهۆی یان بەربەستی بایەخەکانی جێندەر یاخود هاوشانی دەڕوات.

لە شیکردنەوەی جێندەری بەرنامەکانی خزمەتگوزاریدا دەتوانرێت پێشبینی کاریگەرییە جیاجیاکانی تر بکرێت لەسەر کۆمەڵێك ئامانج. هەروەها دەتوانرێت لەسەر شیکردنەوەکە بناغەیەك پێکبهێنرێت بۆ گێڕانەوەی نەخشەسازی و چاککردنی یاخود شاردنەوەی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوە یان گرنگی بەرنامەکان.

3-دەستەبەری بەشداری لە نەخشەسازی بەرنامە و وەڵامـدانـەوەی جێندەر. پرەنسیپی بەشداری بریتییە لە هاوبەشی گروپە بایەخدارە راستەوخۆکان لە راوێژکاری و قۆناغەکانی دیاریکردن و پڕۆسەی پەرەپێدان بە ئامانجی دروستکردنی توانا کەسییەکان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکان و سودمەندییەکان و هەلێك دەبێت بـەرەو خۆبژێوی و چاککردنی چۆنایەتی ژیان.

4-ئاستەکانی بەشداری ئەوەی زیاتر گرفتە لەبەشداری کردندا لەکاتێکدایە کە دەستپێشخەرییەکان و سوڕی پڕۆژەکە (پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن) لە بەردەست کەرتی

پەیوەندیداردایە، ئەوەش مانای بەشداری ژن و پیاوە لە کەرتەکاندا لە هەموو قۆناغەکانی سوڕی پڕۆژەکان، لە دەستپێکردنیەوە تا گەیشتن بە دابەشکردنی سودمەندییەکان لە پڕۆژەی پلان بۆ دانراو.

5-سودەکانی شێوازی بەشداری. پلاندانان بۆ بەشداری و راستکردنەوە، کە دەبێتەهۆی:

-توانای دامەزراوە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان بەشێوازێکی زۆر گونجاو و کاریگەر.

-توانای گروپە ئامانجدارەکان بۆ سەرپەرشتی و کاریگەری داهاتوی پرۆژەکان لە ژیاندا.

-لەکۆتاییدا بوارێك دەدات بەو کەسانە کە نازانن چۆن تەماشای سنورەکانی داهاتو بکەن، هەروەها شیکردنەوەیەکی دورمەودا بۆ بارودۆخەکەیان.

توانای بەشداری کەسەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەنگاوی یەکەم پێك دەهێنێت بەرەو توانای کەسەکان.

## بەشداری سیاسی و توانای سیاسی

گەشەپێدانی سیاسی داوایەکی بەرچاوی گەشەپێدانی ئابورییە، کە گەشەپێدانی سیاسی مەرجێکی پابەندکراو بە گەشەپێدانێکی بەردەوامی ئابوری.

بەشداری سیاسی بەمانای بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە تاك و گروپەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسیدا بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیاری حکومەت، کە دەتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت لەڕێگەی چالاکییە سیاسییە راستەوخۆکانەوە وەك پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمان، یان ئەندامێتی لە حزب و رێکخراوە ناحکومییەکان، یاخود دەنگدان و خۆکاندیدکردن، یان گفتوگۆی پرسەگشتییەکان

له هەڵمەتە سیاسییەکاندا، هـەروەك تـاك دەتوانێت، بەشداری سیاسی بەدەستبهێنێت لەڕێگەی چالاکییە سیاسییە ناڕاستەوخۆکان بۆ نموونە نوسینی وتار لەو رۆژنامانەی کە بایەخ دەدەن بە پرسە گشتییەکان.

ئـەوەش دەروازەی گەشەپێدانی سیاسی، کە ئامانج لێی دیموکراسییە و دەسپێکە بۆ گەشەپێدانی ئابوری و نوێکردنەوەی سیاسی، گەشەپێدانی ئیداری، یاسایی، ئامادەسازی و بەشداری جەماوەری وەکو نموونەیەك بۆ بنیادنانی دیموکراسی، گەشەپێدانی سیاسی پەیوەستە بە زیاتربوونی بەشداری سیاسییەوە، لەڕێگەی تێگەیشتن، کـارکـردنـی گـروپـە نـوێـکـان، زیـادبـوونـی کەناڵەکان و میکانیزمەکانی بەشداری سیاسی، جۆرێکی تر بەشداری سیاسی بۆ ژنان بەمانای بەهێزکردنی رۆڵی ئەوان دێت لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیەوە بە فەراهەمکردنی هاوبەشی یـان لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتە گشتییەکان و کاریگەری ئەوان، واتا بەشداری ژنان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارەسیاسیەکان و بەڕێکردنی کاروباری گشتی، بەشداری سیاسی ژنان وا ئەژمار دەکرێت، کە بریتییە یاخود بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئاستی پێگەیشتن و تێکەڵبوونی کۆمەڵگە و ئاماژەیەکی دیارە لەسەر ئاستی سەرکەوتنی بەرنامەی گەشەپێدانی بەردەوام. بەجۆرێك کە تێکەڵبوونی ژنان لەگەڵ پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی و باشبوونی بارودۆخیان رەگەزێکی یەکلاکەرەوەیە لەستراتیژی و ئەو هەوڵانەی، کە دەدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەشداری هەموان لە ژیانی سیاسیدا، هەروەك بە ئەرکێکی بنەرەتی و سەرەتایەکیش دادەنـرێـت بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

**بایەخی گەیشتنی ژنان بە دەسەڵاتی یاسادانان و سیاسی**

گومانی تێدا نییە کە توانای سیاسی ژنـان بەهۆی نوێنەرایەتی پەرلەمانی لە دەستەکانی یاسادانان بە ئاستێکی بەرز هاوبەشی دەکات لە چاککردنی وێنای نێودەوڵەتی و ئەزموونی دیموکراسی، هەروەها زیادبوونی بەهای ئەو نوێنەرایەتییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر وێنای نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەوەش لە وڵاتانی جیهانی سێدا بێت، ئاماژەی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیانە بایەخ بە ماف و ئازادی و ئەرکەکانی ژن دەدرێت لەگەڵ پیاواندا.

ئـەو نوێنەرایەتییە پەرلەمانی و سیاسییانەی ژنان بەشداری دەکـات لە نوێکردنەوەی گۆڕینی پلە بەپلەی تێڕوانینی کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکان بۆ ڕۆڵی ژنان لە ژیانی گشتیدا، کە بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسیدا بەتایبەتی پەرلەمان مەرجێکی پێویستە بۆ تەواوکاری و بەهرەمەندبوون و ڕێگاکردنەوەیە بۆ گەیشتن بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر و ڕای گشتی و شارەزابوونە لە بایەخ و ڕۆڵی ئەوان و ئەمە حالەتێکی باش دەرەخسێنێ لە قبوڵکردنی بەشداری سیاسی ژنان.

هەروەها ژنان دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر ئاڕاستەی سیاسی لە ڕێگەی ئەو پرسانەی، کە دەیخەنەڕوو لە دەرکردن و داڕشتنی یاسا و بڕیارەکان ئەوانەی کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگە و ئەو هەلانەی، کە ژنان دەگەیەنێتە پەرلەمان کارێکی تایبەتمەندی پەرلەمانە بۆ هەندێك لە ژنان، کە ئامادەن لەڕووی شارەزایی و بەپێویستیی زانیاری گەرم و گوڕەوە بۆ بەشداریکردن لەچارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگە، کە بـەرەو بڕیاردان و دامـەزراوە حکومییەکان ئاڕاستەی دەکات.

هەروەك فرەیی لە پێکهاتەی پەرلەمان، کە نوێنەرایەتی

سەرجەم گروپە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە لەنێویدا کەرتەکانی ژنان و هاوبەشی پێکردنیان وەکو ڕەگەزێکی بەشدار لە گوزارشتکردن لە پرسەکان و ڕووناکی خستنەسەریان لەکاتی گفتوگۆکاندا و یارمەتیدانیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لەپاڵ ئەوەی، کە دەکرێت توانای کەرتەکانی ژنان، کە گوزارشت لە پرسەکانی خۆیان بکەن و پێشنیاز بخەنەڕوو، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاساکان و پەرەپێدانی ئەوانەی، کە چارەسەری بارودۆخی ژنان دەکەن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کولتوری، کە تێیدا یارمەتی دەستەبەری یەکسانی و چونیەکی لە ڕەخساندنی هەل و عەدالەت بۆ ژنانو پیاوان پێکەوە. هەروەك بەرەگەزێکی فشار ئەژمار دەکرێت بۆ دانپێدانانی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژنـان، بوونی ئەوانەش هاوبەشی دەکـات لەفراوانکردنی بنەما شەرعیەکانی دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی و زیاتر راستیو واقیعیەتی بوونی نوێنەرایەتی لەکۆمەڵگەدا دەکەن. ئەم کارەش وەکو بەرئەنجامێك پێگەی ژنان بەهێز دەکات لەکۆمەڵگەدا و شارەزاییەکانیان درێژەپێدەداتو چەمکەکانی شانازیکردن بەگەشەپێدانی نیشتمانی قوڵدەکاتەوە لەپێناو بەدەستەێنانی ئامانجەکانی سیستمی سیاسی لە گەشەپێدانی مرۆیی گشتگیر و بەردەوامە لەکۆمەڵگەدا.

### سیاسەتە گونجاوەکان بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە چالاکی ئابوریدا

1-یەکەم شت کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە وەك داواکارییەك نەك زیادکردن لەڕێژەی هاوبەشی ژنان لە هێزی کاردا، داواکارییەکی تایبەتە نەك وەك هەر کارێکی تر کەبووە، بەڵکو کارێکی بەرهەمهێنەرە، کە بەشدارییەکی ڕاستەقینەیە لە گەشەپێداندا، تەنها هاتنەدەرەوە نییە لەماڵدا،

یاخود بەدەستهێنانی کرێیەکی کەم بێت، چارەسەری کێشەی کارکردن بە شێوەیەکی گشتی و بەکاری ژنان بە تایبەتی پێویستی بەگۆڕانکاری ریشەیی هەیە لە سیاسەتەکانی گەشەپێدانی وڵاتانی تازەپێگەیشتو، بەجۆرێك ناوەندی قورسایی هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی چۆنایەتی کەرتی ئابوری بگۆڕدرێت بۆ گۆڕانی گشتگیر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە دابینکردنی هەلی کاری بەرهەمهێنەر بۆ هەمو خوازیاران لە ژن و پیاواندا. هەر بەم بۆنەیەوە دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە، کە عەوداڵ بەدوای تەکنەلۆژیای نوێ زیاتر حالەتەکەئاڵۆزتر دەکات نەك چارەسەرێك بێت بۆ هەموو حالەتەکان. بەڵکو پێویستە لێکۆڵینەوەبکرێت لەبارودۆخی هەر شارێك لەهەر وڵاتێکداو هەموو کەرتەکانی ئابوری لەڕووی بوونی سەرمایە و دەستی کار، ئاستی پێویستیەکان لەچڕی تەکنەلۆژیا (چڕکردنەوەی سەرمایە) یان چڕکردنەوەی کار. زۆربەی ئەوەی کە دەبێت ببێت هاندانی پرۆژە بچووکەکانە، کە زۆرتر بڕوای بەوە هەیە کە هەلی کارە، پاشان باشترە لەوەی کە تەنها پشت ببەستێت بە پرۆژە زەبەلاحەکان، کە تەکنەلۆژیای نوێ پشتی پێدەبەستێت و دەبێتەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر دەست لەکار بکێشنەوە. ئەویش بەپشتی ئەو موڵك و ماڵە گەورانەی کە دەچنە گەنجینەی کۆمپانیا قۆرخکارانەوە، ئەمەش ئەنجامی نموونەی ئەو سیاسەتانەیە، کە ئەمڕۆ لە هەمو کات زیاتر وڵات پێویستی بەو ماڵ و موڵکە هەیە.

2-هاوتەریب بە گۆڕانکاری گشتگیر لە سیاسەتەکانی گەشەپێداندا، پێدەچێت زۆربەی وڵاتانی عەرەبی جگە لە هەندێك وڵات نەبێت، پێویستی زۆریان بە سیاسەتی رێکخستنی خێزان و کار هەیە لەسەر ئاستی هاوکێشەکانی

گەشەی دانیشتوانی باڵا، بۆ ئەوەی بتوانرێت سنورێك دابنرێت بۆ لێشاوی نوێ لەسەر بازاڕ، ئەوەی دەبینرێت کاتەکانی بەرهەمهێنان ناتوانێت ئەو ڕێژەیە لەخۆبگرێت. ئەم ڕاستیە زیاتر لەسەر وڵاتانی عەرەبی دەچەسپێت، کە کەمتر گەشەدەکەن و دەیەکانی ڕابردو باشترین نموونەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان، کە لەناو بازنەیەکی بۆشدا دەخولێتەوە و لەگەڵیدا زیادبوونی بێکاری، هەژاریی، کە ئەمەش دەبێتەهۆی تێکدانی ئارامی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

3-لە سەردەمی جیهانگیریدا، سەردەمی دەستەگەری هەرێمە گەورەکان دەبێت بەدوای ڕێگەی هاوکاریو تەواوکاری ئابوری بگەڕێن لەنێوان وڵاتانی عەرەبی دا، بەجۆرێك کە دەبێت بازرگانی ئازادی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان تێپەڕبکەن (هەرئەوەی تائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست بێت)، بۆ زیاتر گشتگیر و قوڵبوونەوە، وەك تاکە ڕێگەی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لەو وڵاتانە، وەك ئەو کۆمەڵە هەرێمە تەواوکارەیە، یان لەچوارچێوەی هەموو دەوڵەتێك کە لێرەدا دەتوانین شەڕ لەسەر تەواوکاری و هاوکاری لەبوارەکانی وەبەرەێنان و هاوکارییە ئاڕاستەکراوەکان بەرەو پرۆژەکانی گەشەپێدان، کە هەلی کارکردن فەراهەم دەکات لە وڵاتاندا و تێیدا زۆرتر هێزی کارکردن دەخاتەڕوو، لە بوارەکانی بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی لە دانانی ستراتیژی یەکگرتودا بۆ بەگژداچونەوەی هەژاریی و بێکاری، هەروەها لە بواری هەماهەنگی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەوارە جیهانییەکانی تردا.

بەمشێوەیە دەتوانرێت سود لەو بوارانە وەربگیرێت، کە جیهانگیری زانیاری و ڕاپەڕاندن و پەیوەندییەکان هێناویانەتە ئاراوە لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی عەرەبی

بەرەو پرەنسیپی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز، لە وەرگرتنی وانە و ئەزموونەکانی دەوڵەتانی تر لەچارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکانی کاری ژنان لە دەرەوەی ماڵدا. لێرەدا دەتوانین قسە لەسەر کاری بەشێك (ئەوکاتە دیاریکراوانەی کە پەیوەست نییە بە بەردەوامی دەستنیشانکراو)، یان کارکردن لەماڵدا بەقازانجی بازاڕ لە مەیدانە نوێیەکان کە سود لەپێشکەوتنی بەدەستەاتو دەبینرێت لەزانستو زانیاری، بڵاوبوونەوە و فراوانی ئینتەرنێت و ئەوانی تر.

4-پێویستە سیستمی فێرکردن و داهێنان و ئامادەکردن چاکسازی تێدا بکرێت تاکو لەگەڵ دەرهاویشتەکاندا، بەتایبەتی ژنـان، لەگەڵ داخوازییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا گونجاوبێت. لێرەدا دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان پێویستییەکانی گەشەپێدان و پێویستییەکانی بازاڕی کار، کە بەپێویستییەکانی گەشەپێدانی بـەردەوام ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەو پێویستیانە سودی نییە.

لێرەدا تەنها ئاماژە دەکەین، بۆ نموونە شێوازەکانی بەکاربەری باو لـەزۆربـەی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی بەکاربەرەکانی کـات بـەسـەربـردن، کـە بەگەورەترین کۆسپ ئەژمار دەکرێت لەبەردەم دابینکردنی سەرچاوە و پێویستەکانی گەشەپێدان، لەڕووی ئازادبوون لە پاشکۆیەتی بێگانە، بەجۆرێکی تر رزگـاربـوونـی ژنانی عەرەبی لە شێوازەکانی چەوسانەوە و نایەکسانی. جەختکردنە سەر میتۆدەکانی فێرکردن یەکێك لە نموونەی ئەو پرسیارانەیە، سەرەڕای مەسەلەی گونجاندنی فێرکردن و راهێنان لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕی کار، یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

5-کاتی ئەوە هاتووە کە چاوخشاندنەوە بکرێت بەوەی کە پێیدەڵێن (ریفۆرمی ئابوری)، کە بووەتە هۆی ئەوەی

لەنێوان بەرهەمەکانی کۆمەڵایەتی و ئابورییە جیاکاندا دەست هەڵبگیرێت لە ژمارەیەك کاری گـەورە لە لایەن ژنان و بەرەو ماڵەوە بڕۆنەوە و پەیوەست بن بە لەشکری بێ ئەژماری بێکارییەوە. خاوەن کارەکانی کەرتی تایبەت دوردەکەونەوە لە بەگەڕخستنەوەی ژنان، بەتایبەتی ژنانی هاوسەردار، لەبەرئەوەی دوربن لە مۆڵەتی دایکایەتی و منداڵ بەخێوکردن و هتد...

تائێستا رێکخراوەکانی داکۆکی کار لە مافەکانی مرۆڤ لاوازن لەبەرامبەر رووبـەڕووبـونـەوەی کولتور و عورفە کۆمەڵایەتییە رەگ داکوتراوەکان، کە زۆرێك لە چارەسەرەکان رەتدەکەنەوە بۆ رووبەڕووبونەوە و چارەسەری کێشەکان، بۆ نموونە (بڕیاری دابەشکردنی مۆلەت لەنێوان دایك و باوك بۆ سەرپەرشتی و بەخێوکردنی منداڵ).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکەین بۆ فرەیی ئەو بوارانەی، کە ژنان کاری تێدا دەکەن لە کەرتی گشتی و دەزگاکانی حکومەت بەدەر لەهەردو بواری (تەندروستی و فێرکردن).

ئەزموونی هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی توانای کارکردنی ژنانیان سەلماندووە، تەنانەت باشتر لە پیاوانیش لە بوارەکانی بانك و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و فرۆکەخانە... هتد، سەرەڕای چەندین بواری تری پیشەسازی، کە باشتر گونجاوە بۆ تواناکانی ژن لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆژیا.

6-لـە هۆکارە یارمەتیدەرەکان کە رێـژەی هاوبەشی ژنان زیاتر دەکات لە چالاکییە ئابورییەکانی دابینکردنی جێگرەوەکان، ئەوانەی کە لەجێی ژنان دەگرنەوە لەناو ماڵدا، گرنگترینیان ئەو جێگرەوانەن وەکو دایەنگا و باخچەی ساوایان لەکاتی کارکردنیان رۆڵی دایك دەبینن. دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو رۆڵانە بەتایبەتی لەشوێنی کارکردندا، لە دایکییان باشتر دەتوانن سەرپەرشتی منداڵەکانیان

بکەن، ئەوەش لە بەرژەوەندی دایکانە و تەنانەت خاوەن کارەکانیش لە هەمان کاتدا. هەروەها دابینکردنی دایەنگا و باخچەی ساوایان لە شوێنی نیشتەجێبوندا بەنرخێکی گونجاو، کە هەمو خێزانێك بتوانێت بچێتەژێر بارییەوە، هەڵبەت ئاستێکی باشی خزمەتگوزاری و بە سەرپەرشتی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەو بوارەدا، هاوکاری زۆر دەکات و هانی ژنان دەدات بۆ کارکردن لەناو ماڵ و لە دەرەوەی ماڵدا. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە لە زۆرێك وڵاتانی عەرەبی کێشەی سەرەکی هاتنەدەرەوەی ژنانە بەرەو کارکردن، پەیوەستە بەدابینکردنی چاودێری منداڵانەوە لەکاتی کارکردنی دایکیاندا.

لەبەرئەوە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کاروباری ژنانی عەرەبی زیاتر کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە رۆڵی دایەنگ او باخچەی ساوایان فراوان بکرێت بەجۆرێك، کە بتوانێت زۆرترین منداڵ لەخۆبگرێت بۆ ئەو دایکانەی، کە خوازیاری کارکردنن، هەروەها چاککردنی بارودۆخ پەروەردەی منداڵ تیایدا و هاوکاریکردنی ماددیانە، کە نرخی چاودێری منداڵ دابەزێنرێت کە دایکیان بتوانن لەئەستۆی بگرن، واتە بەخۆڕایی بکرێت وەکو خوێندنی خۆڕایی لە قوتابخانەکان.

## ژنانی عێراقی و یاسا ئابورییەکان

لێکۆڵەری عیراقی د.فائیزە بابا خان دەڵێت: سەرەڕای ئەو هەموو پەرەسەندنەی بەدەستهاتووە لە یاساکانی عەرەبی دا... هەڵبەتە عەرەبی نەك عیراقی!! لـەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا یەك ماددەی یاسایی هەموار نەکراوەتەوە، ئەوەی کە ژنانی عەرەبی بەدەستیان هێناوە لەو پێشکەوتنەی کە لەبەشداری ژیانی ئابوریدا هەیە، کەچی ئەو دەستکەوتانە لەئاستێکی نەخوازراودا ماونەتەوە، وەك ئاوێتەکردنی ژنان لەگەڵ گەشەپێدان نەبووەتە هۆی ئەوەی

ڕۆڵی بەکردەوەیان پێ بدرێت، ئەوەش لەڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی عەرەبی ساڵی 2002 دا، جەختی لێدەکرێتەوە و گرنگترین هۆکاری ئەو کێشانەش، کە ڕووبەڕووی وڵاتانی عەرەبی دەبێتەوە لە گەشەپێدان نەبوونی توانایە: بۆئەوەی بزانین ئەو یاسا کاریگەرانە چین لەسەر ڕۆڵی ژنان لەئابوریداو پێویستە ئەو کەرتانە بناسین، کە ژنان کاری تێدا دەکەن.

-ئەو کۆسپانە چین کە ڕووبەڕووی بەشداری ژنان دەبنەوە لەڕووی ئابورییەوە؟

-ڕێگەکانی چارەسەر کامانەن؟

1-کەرتەکانی کارکردن ڕێکخراو نین، ڕێژەیەکی بەرز لە کارکردنی ژنان پێکدەهێنن بەهۆی:

-نەبوونی کار.

-کرێی کەم و بەشی زۆری کارەکان کاری ناوماڵن.

-نزمی ئاستی ئابوری.

-پێویست ئەژمار نەکردنی بەدەستهێنانی خوێندن و بڕوانامە.

-ئەمجۆرە لە کارکردن لەناوماڵ جەختدەکاتەوە لەکۆمەڵە خۆبەخشەکان، دامەزراوەبچوکەکان، کەرتی کشتوکاڵی، کەرتی کەلوپەلی و ناوماڵ (لە پیشەسازی خۆراك، جلوبەرگ، پیشە تەقلیدیەکان)، ئەم کەرتەش لە دەرەوەی هەر چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی یاساییە هیچ مافێك پێشکەش بەکرێکار ناکات لەو مافانەی، کە پێویستە لەیاساکانی کاردا هاتون وەکو یەکسانی کرێ، مافی مۆڵەتی نەخۆشی، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، مۆڵەتی دایکایەتی، منداڵبوون و مافی قەرەبووکردنەوەی هەر پێکانێك لەکاردا و دیاریکردنی جۆرەکانی کاری سەخت، کە لە ژنان قەدەغەکراوە...هتد.

کەرتەکانی کشتوکاڵی زۆربەی کارەکانی ژنانی لادێیە، کە

زیاتر لەکاری خێزانی دا چڕدەبێتەوە و هیچ حەقدەستێکی تێدا نییە سەرەڕای بوونی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی، بەڵام واقیعی لادێنشین مەحکومە بە عورف و کولتورەوە، کە بەسەر ژناندا سەپاوە و ناتوانێت کاربکات بەرامبەر بەکرێیەك لەزەوی کەسێکی تردا، بێ بەشە لەدەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کاری سەخت، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر جەستەو تەندروستییان، ئەوەش بە هۆی نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان و بەکەم تەماشاکردنی بەرهەمی کاری ژنان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کە قورساییەکی دوسەرەیە بۆ کاری ژنان لەناوە و دەرەوەی ماڵ و دانپێدانەنان بە بەهای کارەکەیان و نەبوونی هەڵسەنگاندن لەڕووی داهاتی نەتەوەییەوە.

2-کەرتی گشتی کار: لەم کەرتەدا ژنان بەتەواوی بەهرەمەندن بەمافە یاساییەکان بە بێ جیاوازی و پاراستنی یاسای پەیوەست بەسروشتی جەستەیان و پەیوەست بەمافەکانی مۆلەتی دایکایەتی و دابینکردنی باخچەی ساوایان لەشوێنی کارەکەیان و قەدەغەکردنی کاری شەوانە و کارەترسناکەکان، ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستییان، کە ئەوەش جۆرە جیاوازییەکی دروستکردووەبەپێدانی پاداشت، پلەبەرزکردنەوە، ڕاهێنان، سەفەر و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەشوێنی کار... کێشەکە لەجێبەجێکردنی یاساکەدایە لەکەرتی گشتییدا.

3-کەرتی تایبەتی: لەوانەیە جۆرێك یەکسانی یاسایی هەبێت بۆ ژنانی کرێکار، بەڵام گرانیەکە لەجێبەجێکردنی یاساکەدایە و نەبوونی شێوازێکی یاسایی ڕێکخراو لە پەیوەند بە ژن و ماڵەوە لەڕووی ڕێکخستنی گرێبەستی کار

و تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕەچاونەکردنی لایەنی تەندروستی تایبەت بە دوگیانی و مۆڵەتی دایکایەتی، کە هۆکارێکە بۆ دەرکردنی ژنان لەسەر کار و توندبوونەوەی ململانێ لەنێوان هەردو ڕەگەزداو پابەند نەبوون بەکارە دیاریکراوەکانی کار بەپێی یاسا لەکاری ژناندا.

**لەبەر ئەوەژنان لەهەردوو کەرتەکەدا ڕووبەڕووی ئەم کێشانەدەبنەوە:**

1-ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی کاری ژنان لەسەر پەیوەندی هاوسەری و خێزانیەکان بهەۆی نەبوونی جێگرەوە لەئەرکەکانی ناو خێزانو دەمارگیری شێوازی ئەو کارارنەدا لەناو خێزاندا.

2-قورسایی دووسەرە لەناوەو دەرەوەی ماڵ، کە کاریگەری هەیە لەسەر تواناکانی پەرەپێدانی کارەکەی.

3-سەختیی لە نوێکردنەوەی شارەزاییەکان بە هۆی کۆسپە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.

4-نەبوونی توانای ژنان بۆ لەئەستۆگرتنی ئەنجامی هەندێك کار و پیشە بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و خێزانی و نەبوونی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی.

5-نزمیی ئاستی باخچەی ساوایان لە هەمو ڕوویەکەوە، کە دودڵی و دڵەڕاوکە دروست دەکات لای دایکان و کاریگەری هەیە لەسەر توانا و لێوەشاوەیی، کە هەندێجار باخچەی ساوایانیش بوونی نییە لەکەرتی تایبەتدا.

6-دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری و ژینگەی تەندروستی کار.

7-لاوازیی هەلی پلە بەرزکردنەوە بە هۆی لاوازی ڕاهێنان، کە جیایان دەکاتەوە لە پیاوان بە هۆکاری خێزانی

که بە هۆی دووگیانی و منداڵبوونەوە و دایاندەبڕێت لە کار.

8-بە کەم تەماشاکردنی هەندێك کار، کە وەکو عورفێك لەسەر پیاوانماڵە.

9-نەبوونی گونجاویی کار کە لەگەڵ توانای ژنان و لێهاتویی بگونجێت، نەبوونی متمانە بەتوانای ژنان.

کەواتە ئەوەی پێشکەش کراوە دەتوانرێت ئەو یاسایانە چڕبکرێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە بنیادنان یاخود هەموارکردنەوە یان زیادکردن دێت بۆ دەستەبەری تێکەڵبوونی ژنان لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوام و گشتییدا.

1-یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە پێویستە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی نوێ بکرێتەوە، بەجۆرێك کە هەمو کەرتەکانی کەلوپەلی ناوماڵ و کشتوکاڵ و پیشەسازی بگرێتەوە.

2-یاسای دەستەبەری تەندروستی: نوێکردنەوەی ئەو یاسایە بەجۆرێك کە هەمو کەرتەکان بگرێتەوە.

3-یاسای کار: نوێکردنەوە و زەمینەخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی.

4-یاسای هەڵبژاردن: هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بەجۆرێك، کە دەستەبەری بەشداری زیاتری ژنان بکات بۆ پێگەی دەرکردنی بڕیار و گۆڕانکاری لەبارودۆخی ژنان لەبواری ئابوریدا.

5-رێکەوتنامە نێودەوڵەتی و عەرەبیەکان: پشتڕاستکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتنامانە و دەستەبەرکردنی بەندەکان لەیاساکانی عیراقیدا، کە پەیوەستە لەڕووی ئابورییەوە بۆ پارێزگاری ژنانی کرێکار بەتایبەتی رێکەوتنامەی ژمارە(5)ی ساڵی 1976، تایبەت بە ژنانی کرێکاری عەرەبی.

6-تێکەڵکردنی چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانەکانی گەشەپێدان و دیاریکردنی کاڵای پێویست بۆ هاوسەنگکردنی.

7-دەرکردنی یاسایەك کە دەستەبەری پارێزگاری ژنانی کرێکار بکات لەهەرسێ کەرتەکەدا و پاشان بەدواداچون بکرێت بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەتایبەتی مەسەلەی پلەبەرزکردنەوە، راهێنان، پاداشت، سەلامەتی پیشەیی، تەندروستی و ژینگەی کارکردن و هۆشیارکردنەوە بە نەهێشتنی جیاوازی بەهۆی رەگەزەوە.

8-بـەهـێـزکـردنـی رێـوشـوێـنـی پشکنینی کــار بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی یاساکان.

9-بەدواداچوونی رێوشوێنی بەکارخستن و دامەزراندن لەهەمو بوارەکاندا بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەهەلی کاردا.

10-دامەزراندنی نوسینگەی سکاڵا لەبارەگاکانی شوێنی کار و لیژنەی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی راوێـژی یاسایی بەتایبەتی لە کرێ، مۆلەت، پێشخستن و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و رێنمایی.

11-دامەزراندنی مەڵبەندی تایبەت بە ژنان بۆ کارکردن لە لێکۆڵینەوەی ئابوری تایبەت بە ژنانی کرێکار، ئامادەکردنی ئامار و داتا و زانیاریی.

12-هەڵمەتی راگەیاندن بکرێت بۆ بردنەسەری هۆشیاری بۆ پەسەندکردن و رازیکردنی کۆمەڵگە لە کاری ژنان بە تایبەتی کاری ئازاد.

ئەو کۆسپانەی کە دێتە بەردەم پێشکەوتنی ژنانی عیراقی لەڕووی ئابورییەوە.

1-ژنان گرفتییان زۆرە، کە ناتوانن بەشداری بکەن لە گەشەپێدانی ئابوری خاوەنی کۆمپانیا و کاروباری بازرگانی و پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان، هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوەی عورف و کولتوری کۆمەڵگە، کە رازی نابن

ژنان خاوەن کار یان کۆمپانیا بن، راستە کە لەدوای 2003، بزوتنەوەیەك بوونی هەیە، بەڵام پێویستی بە پەرەسەندنی زیاتر هەیە لە جۆرێك یاسا و رێکخراوەکان یان جێبەجێکردنی بەرنامەکان پێویستی بەوەیە ژنان تێدا بەشداربن.

2-ژنان بەشداری ناکەن لەپرۆسەکانی بەرهەمهێنان و ئەگەریش بەشداربن ئەوە زۆر کەمە و ناچێتەخانەی پرۆسەی داهاتی نەتەوەیی، هەروەك هەندێك لە پرۆژەکان قۆرخکراوە بۆ پیاوان و هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە حەرام کراوە بۆ ژنان نەك لەڕووی یاسایی، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر ژنان، چونکە بازاڕ لە لایەن پیاوانەوە قورخ کراوە لەم کۆمەڵگەیە و قورسە ژنان بتوانن بەشداربن تێیدا.

3-زۆربـەی جار ژنان دوردەکەونەوە لەکەرتی ئابوری تایبەت بە هۆی نەبوونی پارێزگاری یاسایی بۆیان، چونکە رووبـەڕوی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە و دامـەزراوەی یاسایی لاواز و بێتوانایە بەرامبەر پارێزگاری یاسایی، کە خۆی لە سزایەکدا بەرجەستە بکات لە حالەتی دەستدرێژی لەکاتی کارکردندا یان بە هۆی کارکردنەوە، کە پێویستە دەقێك هەبێت ئەو دەستدرێژییە بە تاوان ئەژمار بکات بە هۆی کارەوە یان لەکاتی کارکردندا.

لە چوارچێوەی چەمکی کۆمەڵایەتیدا بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانی نێوان هەردوو رەگەز.

چاوخشاندنەوە بە بنەماکانی یاسادانان، کە پێشێلی پرەنسیپی یەکسانی دەکـات لە مافەکاندا بۆ ئـەوەی بتوانێت دەستەبەری دەستور و جێبەجێکردنی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان بکات وەکو رێکەوتنامەی زاڵبوون بەسەر شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنـان، لەنێویدا یاسای باری

کەسێتی و یاسای مەدەنی و یاسای سزادانی عیراقی و یاسای هەڵبژاردن... هتد.

*دروستکردنی ژێرخانێکی یارمەتیدەر بۆ بەشداری ژنان لە بوارە گشتییەکاندا.

*بایەخدان بە خوێندنی بــەردەوام، بەتایبەتی ئەو بوارانەی، کە شارەزایی و پیشەیی باش دەبەخشنە ژنان.

*چاککردنی یاساکان و ڕێکخستنەکانی کار بۆ چونییەکی لەگەڵ شێوازەکانی گەشەپێدانی نـوێ و پشتبەستن بە دروستکردنی کار و پیشە لە کەرتە تایبەتەکان.

*بانگەشەی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا پێویستی بە بەشداری ژنان هەیە لەبوارە گشتییەکاندا و بە داخوازی بوونی پشك لە دەسـەڵات و هێزدا. هەر بۆیە گۆڕانکاری پێویستە لە لوتکەوە دەستپێبکات بە هـاوکـاری بنکە جەماوەرییەکان. لێرەدا دەوڵەت رۆڵ دەگێڕێت بە هاوکاری ئەو بزوتنەوانەی بانگەشەی یەکسانی و مافەکانی ژنان دەکەن.

*لەسەر ژنان پێویستە زیاتر چالاك بن لە مەیدانی سیاسیدا، لەبەر ئەوەی فراوانبوونی قەبارەی بەشداری سیاسی کلیلی دەسپێکی گۆڕانکارییە لە بارودۆخی ژنانی عیراقدا.

*سەرەڕای ئەوەی کە دەستور مافی یەکسانی داوە بە ژنان بەوپێیەی هاوڵاتییە و دەتوانن دەستنیشان بکەن یاخود هەڵبژێرن، بەڵام تاکو ئێستا بەشداریکردنی ژنان کورتی هێناوە لە دەسەڵاتدا لەزۆر بوارەکاندا.

*بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ و بایەخدان بە کاری ژنان و بەشداریکردنیان لە گەشەپێداندا لەڕێگەی هۆیەکانی راگەیاندن.

بۆ بەدەستەێنانی ئەم مەبەستانەدەبێت

هەمواركردن: (مۆڵەتی دایكایەتی دەبێت نیوەبەنیو بێت لەنێوان هەردوو هاوسەردا بۆ سەلماندنی یەكسانی لە یاسادا، كە بەدەق لەسەری هاتووە لە دەستوری عیراقیدا پشت بەستن بە ماددەی (14)، هەروەها بۆ نەهێشتنی جیاكاری لەنێوان ژن و پیاودا لەم مادده یاساییەدا و لەپێناو بەهێزكردن و سەلماندنی بەشداری بەكردەوە لەژیانی هاوسەری و دابەشكردنی ئەركەكانی خێزان و لەپێناو بەدەستهێنانی گەشەپێدانێكی بەردەوام و دەستەبەری پرەنسیپی چونییەكی هەلی كار و نەبوونی باڵادەستی پیاو بەسەر ژناندا لە هەلی كار بۆ ئەوەی هەردولا بەهرەمەندبن لە مۆڵەتی دایكایەتی و باوكایەتی.

هەروەها چەندین رێنمایی دامەزراوەیی ناوخۆیی هەیە، كە جیاكاری دەكات لەنێوان ژن و پیاودا و بەجۆرێكی تر كۆسپە لەبەردەم بەرەوپێشبردنی ژنان لەڕووی ئابورییەوە، وەك ئەو بڕیار و رێنماییانەی تایبەتە بەپێدانی پاسپۆرت و رەزامەندی لەسەر سەفەر لە لایەن هاوسەر و بەخێوكەرەوە.

هەروەها لە مەسەلەی باج و قەرز و چەندین شتی دیكە، كە رێگرە لەبەردەم دروستكردنی كەسایەتی ژناندا.

هەروەها دەستەبەركردنی باخچەی منداڵان بە كرێیەكی كەم و رەچاوی توانای دارایی ژنان بكات، كاركردن بۆ جێگیركردنی ستراتیژی زاڵبوون بەسەر ستراتیجی نەخوێندەواری و بایەخدان بە كۆڕ و كۆبونەوە و وۆرك شۆپی كولتوری و هەروەها بۆ گەشەپێدانی شارەزایی ژنان لە پیشەكاندا.

زۆربەی كات كەمترین بەشداری لە هێزی كاردا وەكو ئاماژەیەكی گرنگ بەكاردێت لە واقیعی ئابوری ژناندا، ئامارەكان دەریدەخەن كە بەشێكی كەمی ژنانی گەنج لە

دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، ساڵی 2004 ژمارەی ژنان لەهێزی کاردا 1,1 ملیۆن ژن لەکۆی 6,7 ملیۆن کەس، کە تەمەنی کارکردنیان هەیە کاردەکەن، واتە رێژەی هاوبەشی ژنان 13% تێپەڕ ناکات، زۆربەی ئەو رێژەیەش جەخت لەناوچە لادێنشینەکان دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە رێژەی بێکاری لەنێوان ژناندا زیاترە لەپیاوان 24% بەرامبەر بە,2% ئەوەش ئاماژەیە بۆ بێکاری، کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی گەنج کە هەوڵی چونەناو هێزی کار دەدەن.

لەلایەکی ترەوە، ژنانی لادێ زۆرترین گرفتیان هەیە و قورسایی زیاتریان لەسەر شانە بە هۆی ئـەوەی، کە وەچەدەخەنەوە و چالاکی بەرهەمهێنانی بێکرێ و نەبوونی یەکسانی لە بەدەستەێنانی زەوی و داهات و بازاڕ.

لە عیراقدا تاپۆ و موڵکنامە و خاوەندارێتی بۆ پیاوانە، کە ژنان کەمتر لە 5%ی موڵکەکشتوکاڵیەکانیان بەناووەیە، ئەمە ئاماری ساڵی (2001)ە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵی زیاتر لەرەگەزی ژنانە.

گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە بەهێزبوونی رۆڵی ژنان چالاك دەکات وەکو هاوبەشێکی بنەرەتی لەگەشەپێداندا.

لەڕوانگەی بایەخدان و سەلماندنی مافەکانی ژنان بۆ برەودان بەرەورەوی گەشەپێدان، پێویستە کاری بەردەوام بکرێت بۆ پارێزگاری ئەو مافانە و چالاککردنیان و پێویستە هەمو دەزگاکانی دەوڵەت لە دروستکەرانی بڕیارو هەمو دەزگاکانی یاسادانان و یاسایی و جێبەجێکردن و لایەنی باو بۆ هاوکاریکردن، چاودێری خێزان، ژنان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامودەزگاکانی حکومی و ناحکومی و تایبەت، هەمویان کاربکەن بە هاوکاری و هەماهەنگی

و تەواو بەگوێرەی دامەزراوەیەکی ئاشکراو دیاریکراو بە ئاڕاستەی یەك ئامانج، کە ئەوەش دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانیان.

باشترین بەدەستهێنانی کاریگەر بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی مافەکانی ژنـان، کە بەرهەمی هەبێت ئەویش لەڕێگەی سوربوونی دروستکەرانی بڕیارەسیاسیەکان و یاساناسان و ئەنجومەنە نیشتمانییە یاساییەکان (پەرلەمان) و حکومەت و جێبەجێکردنی لەنێوان لایـەنـەکـان و دامەزراوەفەرمیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیدار، کە کار بکەن بۆ: ـ بەهێزکردنی پابەندبوون و کارکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نیشتیمانی، لۆکاڵی، بەرەو بەهێزکردنی مافەکانی ژنان.

-سوربوون لەسەر دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پارێزگاریکردنی مافەکانی ژنان و دەستەبەری لێپرسینەوە و نەبوونی سزا.

-قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان و رێگرتن لە رەهەندی رەگەزی لە توندوتیژی دژیان. بەهێزکردنی بەهای ناتوندوتیژی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا بە بایەخپێدانی ژنان و پارێزگاری مافەکانیان.

-دانانی سیستم و خزمەتگوزاری راگەیاندن بۆئەوەی بتوانرێت چاودێری بەرژەوەندییەکانی ژنان بکرێت.

-دەستەبەری بەشداری ژنان بکرێت، کە پەیوەندی بە بڕیار و ستراتیژییەکانەوە هەیە.

-ئـامـادەکـردن و جێبەجێکردنی پلانە میتۆدیەکان بۆ کۆکردنەوەی دەرخستە و ئامادەکردنی ئامارەکان و جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی نیشتیمانی بۆ

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژنان و لێکۆڵینەوە لەحالەتەکەیان و وەستانەوە بەڕووی کۆسپەکان، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تواناکانی ژنان لە بواری گەشەپێدانە جیاجیاکان دا.

-دانانی بەرنامەی ستراتیژی نیشتیمانی پێویست بۆ پارێزگاری مافەکانی ژنان و دەستەبەری بەشداری کاریگەری ئـەوان و تواناکان لەهەمو بوارەکاندا، بەپێداچونەوەی بەردەوام، هەڵسەنگاندن، نوێکردنەوە و پەرەپێدانی.

**یەکەم:** دیاریکردنی تواناکان: چاککردنی تەندروستی، زانیاریی، لێهاتویی، ئامادەسازی و چۆنییەتی بەکارهێنانی تاکەکانی بۆ ئەو توانایانەی، کە بەدەستی هێناوە.

**دووەم:** بەرهەمهێنان، چالاکی کۆمەڵایەتی و کولتوریو سیاسی و ژینگەیی و سود وەرگرتن لە کاتەکان، ئاماژەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و پێوانەکردن بەپشتبەستن بەتەمەنی پێشبینیکراوی لە دایکبوونەوە، ئاستی فێرکردنی گەورە (نەهێشتنی نەخوێندەواری) سێیەکی تێکڕای گشتی بۆ هەموو ئاستەکانی فێرکردن.

**سێیەم:** ئاستی بـژێـوی: ئـەمـەش پێوانەدەکرێت بەپشتبەستن بە بەرهەمی نەتەوەیی گشتی و بەگوێرەی بۆ هەریەکە لەدانیشتوان، کە ئەوەش ئاماژەی گەشەپێدانی مرۆیی لەخۆدەگرێت لەسەر هاوکێشەی ژمێرە بۆ کۆی هەر سێ رەگەز (تەندروستی و فێرکردن و ئاستی بژێوی).

**سميره الجبوری**

**الحوار المتمدن-العدد: 3859 - 2012 / 9 / 23 - 19:35**

**المحور: حقوق المراة ومساواتها الكامله فی كافة المجالات**

# مافەكانی ژن
# لە دەستورە یەك لەدوای یەكەكانی عیراق

## 2005_1925

خوێندنەوە بۆ دەستورە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، پێویستە پشت ببەسترێت بە سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ بەشێوە جیهانی و فراوانیەکەی، جا چ لەئاستی پەیوەست بەدۆکیۆمێنتە نێودەوڵەتییەکانی مافە گشتییەکانی مرۆڤ وەکـو جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مـرۆڤ، یان هەردو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، یـاخـود پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان تایبەت بە ژنان، لەسەرو هەموویانەوە رێکەوتننامەی زاڵبوون بەسەر هەمو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان، کە تێیدا باس لەیەکسانی مافەکانی ژن و پیاو دەکات و زاڵبوون بەسەر تەواوی جیاکارییەکان دژی ژنان. بەو پێیەی کە دەستور باڵاترین یاسای وڵاتە، هەربۆیە پێویستە پێنج مافەکەی مرۆڤ بە بێ جیاوازی لەخۆبگرێت، ئەو دەقانەش یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو بەشێوازێکی دیاریکراو لەخۆبگرێت سەبارەت بەژنان، خێزان، دایکایەتی، منداڵ و پارێزگاری لێکردنی. هـەروەك ئەو دەقانەی لە هەردو پەیماننامەی نێودەوڵەتی پێنج مافەکەدا هـاتـووە لە دەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان نێر و مێ لەبەهرەمەندبوون، لەو مافانەی کە لە دەقەکەدا هاتووە، هەروەها مافی پاراستنی خێزانو دایکایەتی منداڵ... بەڵام ئایا دەستورەکانی عیراق لەو دەقانەی تێدایە دەربارەی یەکسانی نێوان ژنو پیاو؟ ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە باس لەو گرفتانە بکات، بە ئاماژەدان بەو بڕگەو مادانەی کە لەدەستورەکانی عیراق و حکومەتە یـەك لــەدوای یەکەکاندا هاتووە.

لەناونیشانی باسی یەکەمدا دەربـارەی مافەکانی ژنان لـەدەسـتـورە یـەك لــەدوای یەکەکانی عـیـراق و تەنها بەبیرهێنانەوەی مادەکان و بڕگە دەستورییەکان، کە بەدەق لەسەر مافەکانی ژن لە دەستورەکاندا هاتووە، بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەجاڕنامە و بەڵگەنامە و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، پابەندبوون بەم یاسایەوە بۆ دوورنەکەوتنەوە لە پرسەکەو خۆنەدان لە تەمومژی یاسای بەراوردکاری. دەستوری (یاسای بنەرەتی عیراق) ساڵی 1925، بەیەکێك لە دەستورە گەشەکردووەکان دادەنرێت لەبەرئەوەی جەختی لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکانو پاراستنیانی کردۆتەوە، کە پێکەاتووە لە پێشەکییەك و (10) دەروازە، کە لـەدەروازەی یەکەمدا باسی (مافەکانی گەل) دەکات و چەند دەقێکی یاساییە و پەیوەستە بەرەگەزی عیراقییەوە، هەروەها باس لەیەکسانی عیراقییەکان دەکات لەبەردەم یاسادا ئەگەرچی لەڕووی نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوە جیاوازیش بن، هەروەها ئازادی تاکەکەس بۆ هەموان پارێزراوە لە مافی خاوەندارێتیو مافە بنەرەتییەکانی تر، ئەم دەستورە لەخۆی گرتووە بۆ گەلی عیراق. دەستوری عیراقی ساڵی 1925 لە دەروازەی دووەمـدا باس لە (مەلیك و مافەکانی) دەکات، لەدەروازەی سێیەمدا باسی (دەسەڵاتی یاسادانان) دەکات، کە پەیوەستە بە ئەنجومەنی نەتەوەو مەلیکەوە، کە ئەنجومەنی نەتەوە پێکدێت لە ئەنجومەنی ئەعیان و نوێنەران، دەسەڵاتی یاسادانانیش مافی دانانی یاسای هەیەو هەروەها هەموارکردنەوەو رەتکردنەوەشی. هەروەها دەستوری عیراقی ساڵی 1925 لەدەروازەی چوارەمدا باسی پێکەێنانی وەزارەتەکانو ژمارەی وەزیرەکانی دەوڵەت دەکـات، هـەروەهـا ئەنجومەنی وەزیـران کـە لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵـەت وەستاوە. لـەدەروازەی

پێنجەمدا دەستوری عیراقی 1925 باسی (دەسەڵاتی دادوەری) و دابەشکردنی دادگاکانو چۆنیەتی دیاریکردن و دامەزراندنی دادگاکان دەکاتو پاشان ئەو شوێنەی، کە تێیدا دادگا دەگیرێت و پلە و بەش و تایبەتمەندییەکان و چۆنیەتی چاودێریکردنیانو جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان باسکراوە، کە پێویستە هەمو دادگـایـیـەکـان بەشێوەی ئاشکرا بەڕێوەبچن. لەسەر بەڕێوەبردنی هەرێمی عیراق، دەستور عیراقی دابەشکردووە بۆ چەند ناوچەیەکی ئیداریو دیاریکردنی ناوچەکان و ناو و جۆری چۆنیەتی دروست بوونیان و دەسەڵاتەکانی فەرمانبەران و ناونیشانەکانیان بەپێی یاسا، بەڵام لە دەروازەی هەشتەم، نۆیەم، دەیـەمـدا ئـەم دەسـتـورە باسی پشتیوانی یاساو ئەحکامەکان و ئاڵوگۆڕی ئەحکامی یاسای بنەرەتی و مادە گشتییەکانی پەیوەست بەم دەستورە دەکات. لەخوێندنەوەمان بۆ ئەم دەستورە کە بە (یاسای بنەرەتی ساڵی 1925) ناودەبرا، ئەوە دەبینین کە بهەیچ شێوەیەك وشەی (ژن)ی تێدا نییە جگە لەوەی هەندێك ئاماژەکراوە بۆ مافە ئاساییەکان، کە بەشێوازێکی شەرمنانە لەم دەستورەدا باسکراوە بە بێ ئاماژەکردن بۆ ژن لەدەقێکدا. هەروەك لەمادەی حەوتەمدا هاتووە: ئازادی تاکەکەسی پارێزراوە بۆ هەمو دانیشتوانی عیراق لە دەستدرێژی و دەستێوەردان و نابێت کەس دەستگیربکرێت و ناچاربکرێت شوێنی نیشتەجێ بوونی بگۆڕێت، یان ناچاربکرێت، کە خزمەت بکات لەناو هێزە چەکدارەکاندا تاکو بەپێی یاسا نەبێتو ئازاردانو دوورخستنەوەی عیراقییەکان بۆ دەرەوەی وڵات بەهەمو شێوەیەك قەدەغەیە. هەروەها لەمادەی دوانزەدا هاتووە: عیراقییەکان بۆیان هەیە بە ئازادانە رای خۆیان دەرببڕن و بڵاوی بکەنەوە و کۆڕ و کۆبونەوە و کۆمەڵەی جیاجیای خۆیان دابمەزرێنن و پێوەی پەیوەست ببن لە چوارچێوەی یاسادا. ئـەوەش وا ئەژمار

دەكرێت، كە مافی دەربڕین یەكسانە بۆ ژن و پیاو. لەسەر مافەكانی ژنانو پیاوان وەكو یەكن لەبەردەم دادگادا. لەمادەی هەژدەیەمدا لەهەمان دەستوردا هاتووە: عیراقییەكان یەكسانن لە بەهرەمەندبوون بە مافەكانیان و جێبەجێكردنی ئەركەكانیان و بۆیان هەیە لە ئەركەكانی حكومەت بەشداربن بە بێ جیاوازی، هەركەسە و بەپێی توانا و شیاوی خۆی، بۆ هیچ كەسی ناعیراقی نییە لە ئەركی حكومەت بەكارببرێت تاكو بەیاسایەكی تایبەت نەبێت و ئەمەش ئەو بیانییانە ناگرێتەوە، كە بە پێی گرێبەست و لەڕێی كۆمپانیاكانەوە هاتوون. لە یاسای هەمواركراوی دووەم بۆ دەستوری عیراقی 1925، لە مادەی هەشتەم كە مادەی هەژدەهەمی دەستور بەمشێوەیە هاتووە: عیراقییەكان یەكسانن لە بەهرەمەندبوون بە مافە مەدەنی و سیاسییەكان، هەروەك ئەرك و فەرمانەگشتییەكان، جیاكاری ناكرێت بە هیچ كەس بە هۆی بنەچە، زمان، ئایین، لەفەرمانەگشتییە مەدەنییەكان و سەربازییەكاندا ئەم ئەركە خەڵكانی بیانی ناگرێتەوە، مەگەر لە حاڵەتی تایبەتدا نەبێت. سەرەڕای كەمی ئەو مادەیە لەڕووی ناوهێنانی ژنەوە بەو مانا فراوانەی نێر و مێ و وەك براكەی لە یەكسانبوونی لەبەردەم یاسادا. لەهەمواركردنی سێیەمی یاسای بنەڕەتی عیراقی ساڵی 1925 لە1958/5/دا مادەكاتییە، كە لەبڕگەی دووەمدا ئاماژەی پێكراوە و تێدا هاتووە: دەبێت لەماوەی ساڵێكدا دوای دەرچوونی ئەم یاسایە و جێبەجێكردنی، كە تێیدا مافی سیاسی ببەخشرێت بەژنی خوێندەوار، ئەگەر هەردو ئەنجومەنەكە رەزامەندییان لەسەر ئەو هەمواركردنەنیشاندا، بە پێی بڕگەی پێشو، پاشان بخرێتە بەردەم مەلیك بۆ رەزامەندیو واژۆكردنی بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. كەواتە ئەو مادەیە مافی سیاسی ئەداتە ژنانی خوێندەوار. لە بەشی یەكەمی (بنەما

گشتییەکان) لە دەستوری یەکێتی عەرەبی 1958/3/29، لە مادەی هەشتەمدا هاتووە: هاوڵاتیانی وڵاتانی یەکێتی عەرەبی بە بێ جیاوازی رەگەز و ئایین و بەگوێرەی یاسا رەچاوکراوەکان بەهرەمەند دەبن لە ماف و ئازادییەکان، ئـەوەی کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، بۆ هەر تاکێك هەیە، کە مافی ئازادی خاوەندارێتی و گواستنەوەی هەبێت لە هەر شوێنێکی یەکێتییەکە و ئازادی نیشتەجێ بوونی هەیە و ئازادە لە دیاریکردنی پیشە و کارکردن و بازرگانی... هتد. مافی بەخشیوە بە ژنان و پیاوان لە ئـازادی خاوەنداری، گواستنەوە، هەڵبژاردنی پیشە، کار، بازرگانی و پەیوەست بوون بە هەر پەیمانێکی فێرکردنەوە. دوای هەڵگیرسانی 14ی تەموزی ساڵی 1958، راگەیەندرا کە یاسای بنەرەتی عیراقی ساڵی 1925، شکستی هێناوە بە هەمو هەموارکردنەکانییەوە، هەروەها دەستوری کاتی ساڵی 1958 جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەوەی بنەماکانی حوکمڕانی و رێکخستنی ماف و ئەرکەکان هەمو هاوڵاتییان بگرێتەوە، ئەو دەستورە کاتییە ئاماژەی بـەوە کـردەوە، کە پێویستە جێبەجێ بکرێت لە ماوەی گواستنەوەدا تاکو دەستورێکی هەمیشە دادەنـرێـت. لەدەستوری کاتی ساڵی 1958، ئاماژەکراوە بۆ رێزگرتن لە مافەکانی هاوڵاتیان و پارێزگاریکردن لێیان، هەروەها ئاماژە بە هاوبەشی کـورد و عـەرەب کـراوە لـەم وڵاتــەداو لەم دەستورەدا دانـراوە بەمافی نەتەوەییان لە چوارچێوەی عیراقدا، هەروەك جەختکراوەتە سەر ئازادی بیروباوەڕو ئازادییە کەسییەکان و پیرۆزی شوێنی نیشتەجێبوونو ئازادی ئایینەکانو رادەستکردنەوەی بیانییەکان قەدەغەکراو، هەروەك بەدەقی دەستوری هاتووە کە سەرۆکایەتی کۆمار سەرپەرشتی ئەنجومەنی سەروەری دەکات، کە پێکدێت لە سەرۆکو دوو ئـەنـدام، هـەروەهـا ئەنجومەنی وەزیــران سەرپەرشتی

ئەنجومەنی وەزیــران دەكـات بەرەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانو ئەنجومەنی باڵا، هەروەك ئەم دەستورە جەختی دەكردەوە لەسەر سەربەخۆیی دادگا و كەس بەسەریدا زاڵ نییە لە زاڵبوون بەسەر یاسادا، هیچ دەسەڵات و كەسێك بۆی نییە دەست وەرداتــە سەربەخۆیی دادگا لەكاروبارەكانی عەدالەتدا، یاسا دەزگای دادگـەری رێكدەخات و دەستور دابەشی كردووە بۆ چوار دەروازە كە ئەمانەن: (دەروازەی یەكەم: كۆماری عیراق، دەروازەی دووەم: سەرچاوەی دەسەڵاتەكانو مافەكان و ئەركەگشتییەكان، دەروازەی سێیەم: سیستمی فەرمانرەوایە، دەروازەی چــوارەم: ئەحكامە راگوزەرەكان. لە مادەی نۆیەمدا هاتووە: دەروازەی دووەم (سەرچاوەی دەسەڵاتەكان و ماف و ئەركەگشتییەكان)ی ئەم دەقەیە: هاوڵاتیان یەكسانن لەبەردەم یاسادا لە ماف و ئەركەگشتییەكاندا جیاواز نییە لەوەی، كە لە دەستوری ساڵی 1925و یاسا هەمواركراوەكانیدا هاتووە و بە ئاماژەكردن بۆ یەكسانی ژن و پیاو لە ئەركو مافەكاندا لەبەردەم یاسادا بە پێی ئەو دەربڕینەی كە هاتووە و دەڵێت: (نابێت جیاكاری لەنێوانیاندا بكرێت بە هۆكاری بنەچەو رەگەز....) دەربڕینێكی ئاشكرایە لەسەر یەكسانی ژنو پیاو بەو پێیەی، كە باسی رەگەز كراوە و هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە. لەرێكەوتننامەی سێقۆڵی نێوان عیراق و میسر و سوریا (القاهرة) 1963/4/17 لـە پێكهاتە بنەرەتییەكاندا ئـەم دەقـە دەبینییەوە. ئازادییەگشتییەكان بەستراوە بە سنورە یاساییەكانەوە، كۆماری عەرەبی یەكگرتو بەرپرسە لە هەمو هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی (ئازادی رادەربڕین و ئازادی رەخنە، رەخنەلەخۆگرتن، ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادی كۆبونەوە و پێكهێنانی كۆمەڵە، ئازادی پێكهێنانی سەندیكا هەرەوەزییەكان، ئازادی ئاڵا، ئازادی بیروباوەڕ و پەرستن و كەشەئاینییەكان و ئازادییەگشتییەكانی

تر). ئەو رێکەوتننامەیە ماف دەدات بەژن و پیاو وەك و یەك ئەو ئازادییانەی کە باسکران هەر لەو رێکەوتننامەدا بڕگەی دووەم هەیە کە دەڵێت: هاوڵاتییان یەکسانن لە بەردەم یاسادا لە ئەرك و مافەکاندا نابێت جیاوازی بکرێت بە هۆی بنەچە، رەگەز، زمان و بیروباوەرەوە. «هەروەك دەبێت ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان بن لەبەشداریکردنی پۆزەتیڤانە لەدروستکردنی ژیاندا». لەم بڕگەیەدا بەڕاشکاوی ئاماژەکراوە بۆ مافی ژنان جارێك، کە بەشداری لەگەڵ پیاودا لەمافەکاندا لەبەردەم یاسادا و جارێکی تریش بەجیا، کە لە دەقەکەدا هاتووە: دەستوری کاتی ساڵی 1963، چەندین دەقی یاسایی هەیە کە ماف دەبەخشێت بە زۆرێك لە مافەکانی گەلانی عیراق، بە تایبەتی لەدەروازەی دووەمدا (بنەما سەرەکییەکان بۆ کۆمەڵگە) کە لەسەر دەوڵەت پێویستە فرسەتی یەکسان دروستبکات بۆ هەموو عیراقییەکان و گەشەپێدانی ئابوری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات. هـەروەك لەم دەستورەدا بە دەق هاتووە، کە ئازادی خاوەندارێتی تایبەتی پـارێـزراوە. هەر بۆ زانیاری لە دەروازەی سێیەمی ئەم دەسـتـورەدا (مافو ئەرکە گشتییەکان) دەقەکە دەڵێت: رەگەزنامەی عیراقی یاسا دیـاری دەکـات و عیراقییەکان یەکسانن لەیاسادا و لەمافو ئەرکەکانیشدا، رەگەز، بنەچە، زمـان، ئایین جیایان ناکاتەوە، کەس دەستگیر ناکرێت و زیندانی ناکرێت بە پێی یاسا نەبێت و تۆمەتبار بێتاوانە تائەوکاتەی تاوانەکەی ساغ دەبێتەوە. ئـازادی ئایینەکان پارێزراوە و ئازادی رۆژنامەگەری و چاپ و بڵاوکردنەوە بە پێی یاسا رێکخراوە. دەوڵـەت دەستەبەری مامەڵەیەکی دادپەروەرییانەدەکات بۆ عیراقییەکان و چاودێری تەندروستی مافی هەمو عیراقییەکانە و هەڵبژاردن مافێکی ئاشکرای هەمو عیراقیەکانە لە یاسادا. لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا لەو

دێڕانەی کە هاتوون، لەسەرەتاوە ئەو شەرمە دەبینین کە وشەی ژن خاڵییە لەو دەقانەدا و تەنها باس لەجیاکاری رەگەز، بنەچە، ئایین و... هتد هاتووە و باسی یەکسانی ژن و پیاو نەهاتووە. لە مادەی پێنجەمی هەمان دەستوردا ئاشکراکراوە پێگەی خێزان لەڕووی یاساییەوە و هاتووە: (خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە، بنەمای ئایین، ئەخلاق و نیشتمانییە). لەو دەستورەدا مافی کارکردن دراوە بە ژنان و پیاوان لەسەر بنەمای رەخساندنی و فرسەتی وەکو یەك، هەروەك لە مادەی شەشەمیدا هاتووە: (دەوڵەت دەستەبەری هەلی یەکسان دەکات بۆ عیراقییەکان)، لەنێویدا مافەکانی ژنان و هەروەها پارێزگاری دایکایەتی و منداڵ و پشتگیری یاسا بۆ خێزان، کە لەدەقی مادەی پانزەهەمدا هاتووە: دەوڵەت بەپێی یاسا هاوکاری خێزان و پاراستنی دایکایەتی و منداڵ لە ئەستۆ دەگرێت. هەر بەدوای ئەودا مادەی شانزەهەم هەیە لەهەمان دەستوردا، کە ئەو مافە دەبەخشێت بە عیراقییەکان و ژنان و پیاوان سەبارەت بە مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانیان لە حالەتی نەخۆشی و پیریی و پەککەوتەیی و بێکاری، هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە: دەوڵەت خزمەتگوزاری دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەئەستۆ دەگرێت، عیراقییەکان مافی یارمەتیدانیان هەیەلە حالەتی نەخۆشی و پیری و پەککەوتن و بێکاریدا، لەمادەی نۆزدەهەمدا لەسەر مافی ژنان و پیاوان لە ئەرکو مافەکاندا دەقەکە ئاوایە: (عیراقییەکان یەکسانن لە ماف و ئەرکە گشتییەکاندا و جیاکاریی لەنێوانیان ناکرێت) بە هۆی رەگەزو بنەچە، زمان، ئایین و هەر هۆکارێکی دیکە، هەر ئەم مادە دەستورییە مافەکانی گەلی کوردی جێگیر کردووە لەناو گەلانی عیراقدا لەچوارچێوەی برایەتی یەکێتی نیشتمانی دا. هەروەك باسمانکرد ئەم مادەیە مافی داوە بەژنان و پیاوان لە مافو ئەرکەگشتییەکاندا

لەبەردەم یاسادا بە بێ جیاوازی. لەو مافانەی ژنان لەسەر دەوڵەت وەکو چاودێری تەندروستی، سەرەڕای ئەوەی کە ناوی ژن نەبراوە لە مادەی سی و شەشدا. چونکە دەڵێت هەمو عیراقییەکان ژن و پیاویش دەگرێتەوە وەك دەقەکە: چاودێری تەندروستی مافی هەمو عیراقییەکانە و لەسەر دەوڵەتە، کە نەخۆشخانەی جیاجیا و دەزگای تەندروستی فراوان بکاتەوە. هەروەك شۆڕشی (17)ی تەموز، کەهات بەچەندین دروشمی بریقەداری چەواشەکاریانەی خەڵك، هەروەك دەستوری کاتی 1968 هەوڵیدا کۆپی چەند مادەیەك بکات لەدەستورەکانی پێشوی عیراق و سەرەڕای هەوڵی بەعسییەکان بۆ بێبەشکردنی مافەکانی خەڵکو دورخستنەوەیان لەماف و سامانیان. هەروەك بڕگەی (ج) لەمادەی حەڤدەهەمدا بەگوێرەی ماددەی یەکەمی هەموارکردنی دووەمی دەستوری کاتی لە1969/5/، دەقی هەموارکراو لەسەر (ئەو کەسانەی کە تۆمەتی سیخوڕی بۆ بێگانە بەسەریاندا ساغ دەبێتەوە لەدادگایەکی تایبەتمەندا یان پیلان دەگێڕن بۆ دەستگرتن بەسەر پێشکەوتنی سۆسیالیزم و بنەماکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، دەبێت ماڵو موڵکیان دەستی بەسەردا بگیردرێت). هەر ئەو دەقەبوو کە رژێمی حوکمڕان بۆ کوشتنی نەیارەکانی بەکاری دەهێنا و تۆمەتباری دەکردن بە کرێگرتە و سیخوڕ، ئەو دادگا تایبەتمەندەش هیچ نەبوو جگە لە دادگایەکی رووکەشی و ناشەرعی. دەستوری کاتی ساڵی 1968، ئاماژە بەکۆمەڵێك ماف دەکات، کە تایبەتە بە ژنان لەوانە خێزان، پاراستنی دایکایەتی، منداڵ و مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و مافی کارکردن و یەکسانی لەبەردەم یاسادا لەئەرك و مافەگشتییەکاندا. دەقی مادەی هەشتەم لەدەستوری ناوبراو هاتوە، خێزان بناغەی کۆمەڵگەیەو بەمشێوەیە: (خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە، بنەمای

ئایین و ئاکارو نیشتمانپەروەرییە) دوای ئەو بڕگەی (أ) دێت لە مادەی نۆ، کەمافی بەخشیوە بە ژن لەئاسایش و پاراستندا بۆ خـۆی و منداڵەکانی و خێزانەکەی، کە دەقەکەی بەمشێوەیەیە: (یارمەتیدانی خێزان و پاراستنی منداڵ و دایکایەتی بەپێی یاسا دەوڵەت دەیگرێتە ئەستۆ). لەسەر مافی ژنان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا کە لە بڕگەی (ب) و هەمان مادەی نۆیەمدا هاتووە دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی: دەوڵەت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەستۆ دەگرێت و بۆ هەمو عیراقییەکان مافی یارمەتیدانیان هەیە لەحالەتی (پیریی، نەخۆشی، پەککەوتەیی و بێکارییدا) هـەروەك ئەوانەی پێشو لەم بڕگەیەدا دەقی لەسەر نەهاتووە، کە تایبەت بێت بە مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ژنـان، دەقەکەبە دەربڕینی راشکاو، ناوی ژنانی نەهێناوە لەدەستەبەری کۆمەڵایەتی تەنها تێدەگەین، کە وشەی عیراقییەکان بەمانای ژنان و پیاوان دێت پێکەوە. لەمادەی دەیەمدا هاتووە: دەوڵەت هەلی یەکسان دەرەخسێنێت بۆ هەمو عیراقییەکان مافی هەریەکە لە ژن و پیاو لەسەر دەوڵـەت هەیە، کە هەلی کارکردن برەخسێنێت لەسەر بنەمای لێهاتویی بۆ هەردو رەگەزەکە. بەدور لەکار و دوبارەکردنەوەی. هەمان دەقی هاتو لە مادەی پـانـزدەدا دیسان ئـەم مادەیە دوبـارەبـۆتـەوە و ئەمەش دەقـەکـەیـەتـی: عیراقییەکان یەکسانن لەمافو ئەرکە گشتییەکانداو یەکسانن لەبەردەم یاسادا و هیچ جیاوازی ناکرێت بە هۆی بنەچە، رەگەز، ئایین و زمان.... هەمویان هاوکارن بۆ پاراستنی قەوارەی نیشتمان بەکورد و عەرەبەوە، کە لە دەستوردا مافەکانیان جێگیر کراوە لەچوارچێوەی یەکێتی عیراقیدا. لەم مادەیەدا ژنان هەمان مافی پیاوانییان هەیەلەبەردەم دادگادا. سەرەڕایی ئەوەی لەدەستوری کاتی

ساڵی 1968، بەڵێن بە گەلانی عیراق درابوو، کە دەستورێکی هەمیشەیی دابنرێت، جگە لەچوار جار هەموارکردنەوە لە لایەن ئەنجومەنی بەناو شۆڕشەوە. لە ساڵی 1970 دیسان دەستورێکی کاتی دەرکرد. لە مادەی یەکەمی ئەو دەستورەدا هاتووە، کە عیراق ئامانجییەتی کە (دەوڵەتێکی عەرەبی بە سیستمی سۆسیالیستی دابمەزرێنێت). لە دەروازەی سێیەمی ئـەم دەسـتـورەدا بە دەق هاتووە لەسەر (مافو ئەرکە بنەرەتییەکان) کە وەها دانراوە (هاوڵاتیان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بە بێ جیاکاری بە هۆی ئایین و رەگەز و...هتد) و (چونیەکی فرسەت بۆ هەمو هاولاتیان دەستەبەرەلەسنوری یاسادا) و (تۆمەتبار بێتاوانە تاکو تاوانەکەی دەسەلمێنرێت) و (مافی بەرگری پیرۆزە لە هەمو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا) و (کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوە، هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونی قەدەغەیە) و (شوێنی نیشتەجێبوون پیرۆزی خۆی هەیە و بە بێ رەچاوکردنی یاسا نابێت پشکنین بکرێت) و (نابێت رێگری بکرێت لە سەفەرکردنی هاوڵاتی بۆ دەرەوەی وڵات) و (ئازادی ئایینیو بیروباوەرەکان و پیادەکردنی کەشی ئایینی) و (ئـەم دەسـتـورە ئـازادی راوبـۆچـون و بڵاوکردنەوە لە ئەستۆ دەگرێت و ئـازادی خۆپیشاندان و دامەزراندنی حزبی سیاسی و سەندیکاو هەرەوەزییەکان). هەمو ئەم مافە بنەرەتیانە دەسەڵاتی حوکمڕان هەوڵیداوە رێگربێت لەبەردەم گەلی عیراقدا، بە هەمو شێوەیەك زاڵبوونی خۆی سەپاندبوو، هەروەها هەرجۆرە چالاکییەکی حزبی و سیاسی و ئابوری قەدەغەکردبوو، ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتی فەرمانرەوادا نەگونجایە بەبیانوی دژایەتیکردنی ئامانجەکانی گەل هەروەك لەمادەی (36)ی ئەم دەستورەدا هاتووە. لەمادەی نۆزدەهەمدا (أ) ئەوە دەخوێننەوە: هاوڵاتییان یەکسانن لەبەردەم یاسادا، بە

بێجیاکاریی ڕەگەز، بنەچە، ئایین، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی و ماف بەخشراوە بە ژنان، کە یەکسانن لەگەڵ پیاوان لەبەردەم یاسادا. لەبڕگەی (ب) هەمان مادەدا هاتووە: (چونیەکی هەل بۆ هەمو هاوڵاتیان دابینکراوە لەسنوری یاسادا). بەمەش مافی یەکسانی ژنـان دراوە لەکارکردن لەگەڵ پیاواندا. هەروەها لەمادەی حەڤدەهەمدا هاتووە بڕگەی (أ): دەوڵەت بەرپرسە لە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و مافی فێرکردن بەخۆڕایی لەهەمو قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی و زانکۆ بۆ هەموو هاوڵاتیان. (ژنان ئەو مافەیان پێبەخشراوە بە یەکسانی لەگەڵ پیاوان لەفێرکردندا. هەروەها لەمادەی سی بڕگەی (ب) هاتووە: (یەکسانی لەگرتنەدەستی ئەرکە گشتییەکان کە یاسا دەیگرێتەئەستۆ). ئەو مافە دراوە بە ژنان کە لەگەڵ پیاوان یەکسانبن لە فەرمانەگشتییەکاندا. لەبڕگەی (د) هاتووە لە هەمان دەق: (دەوڵەت فراوانترین دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ هەموو هاوڵاتیان لە حالەتی نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری و بێکاریدا)، کە مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتیش دراوە بە ژنان، کە وەك پیاوان یەکسان بن. لـەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، کە دەربڕینێکی گشتی ڕەتکردنەوەی ڕژێمی حوکمڕان بوو، دەستیانکرد بەنوسینی دەقێك بەناوی (پرۆژەی دەستوری کۆماری عیراق)، کە دواتـر کـاری پێنەکراو، تەنها وەکو پروپاگەندەیەك بوو بۆ جوانکردنی ڕووخساری ڕژێمی دیکتاتۆری. ئـەم دەسـتـورەش سـەدو حەفتاونۆ مـادەی لەخۆدەگرت، کە دابەش بووبوو بەسەر هەشت دەروازەدا بەمشێوەیە: (دەروازەی یەکەم: کۆماری عیراق، دەروازەی دووەم: بنەما یاسایی و کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانی کۆماری عـیـراق، دەروازەی سـێـیـەم: مـاف و ئـازادیـیـەکـان و دەستەبەرییەکانی، دەروازەی چوارەم: دامودەزگاکانی کۆماری

عیراق، دەروازەی پێنجەم: پەیماننامەو رێکەوتننامەنێودەوڵەت ییەکان،دەروازەی شەشەم: هەموارکردنی دەستور، دەروازەی حەوتەم: ئەحکامەراگوزەرییەکان (انتقالیە)، دەروازەی هەشتەم ئەحکامەکانی کۆتایی. لە دەروازەی سێیەم ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت لەبەشی یەکەمی مافو ئازادییەگشتییەکاندا، مافو ئازادییەکان و دەستەبەرییەکانی دەقەکەی چییە: (هاوڵاتیان یەکسانن لەمافو ئەرکدا لەبەردەم یاسا و هەمویان لێی بەهرەمەندن بە بێجیاوازی: لـەم مافەشدا ژنان بەهرەمەندن و یەکسانن لەبەردەم یاسادا لەگەڵ پیاواندا). لەهەمان مادە لەبڕگەی (2) دەقەکەی ئاوایە (هەلی یەکسان دەستەبەرکراوە بۆ هەمو هاوڵاتیان لەسنوری یاسادا). بەپێی ئەم بڕگەیە ژنانیش ئەو مافەیان هەیە لەسەر بنەمای رەخساندنی هەلی یەکسان لە براکانیان. مادەی چل و نۆ ئەو مافەی داوە بەژنانو پیاوان، کە ئەرکەکانی دەوڵەت لەئەستۆ بگرن بەگوێرەی یاسا لەسەر بنەمای یەکسانی، کە دەقی لەسەر هاتووە: (هاوڵاتییان یەکسانن لە گرتنەدەستی ئەرکەکانی دەوڵەت بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاسا). لەسەر مافی ژنانو پیاوان لەدەستەبەری کۆمەڵایەتیدا لەدەقی مادەی پەنجاو یەکدا هاتووە بەمشێوازە: (دەوڵـەت رەخساندنی دەستەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دەگرێتەئەستۆ لەحالەتی نەخۆشیو پیریو پەککەوتەیی بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاسا). لەمادەی شەست و سێدا مافی هاوبەشی بۆ ژنـان و پیاوان لەهەڵبژاردن و راپرسیدا بەگوێرەی ئەحکامەکانی دەستور، ئەمەش دەقی مادەکەیە: (مافی هەمو هاوڵاتیەکە کە خۆی کاندید و بەشداری بکات لەڕاپرسی لەژیانی گشتییدا، بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستور و یاسایە). لەمادەی شەست و پێنج مافی هاوبەشی ژنان و پیاوانە لە فێربوون، کە ئیجبارییە و دەبێت جێبەجێ بکرێت

بە پێی ئەم دەقە: (دەوڵەت مافی فێرکردن بۆ هاوڵاتییان دەگرێتە ئەستۆ، دەبێت ئیجباری بێت لای کەم لەقۆناغی سەرەتاییدا و دەوڵەت هەوڵدەدات نەخوێندەواری قەڵاچۆ بکات و یاسا جێبەجێ بکات. یاسای ئیدارەی دەوڵەتی کاتی عیراق لەو دەستورانەیە، کە گوزارشت لەناخی گەلی عیراق دەکات، دوای چێشتنی تامی ئازادی و رووخانی رژێمی دیکتاتۆری، کە دەستی نابووە بینەقاقای خەڵکی ئەم وڵاتە بەدرێژایی چەندین ساڵ. دیباجەی ئەم یاسایە ئاوا هاتووە: (گەلی عیراق هەوڵدەدات بۆ گێڕانەوەی ئازادی، کە رژێمی داپڵۆسێنەری پێش و زەوتی کردبوو، ئەم گەلە رق و توندوتیژی رەتدەکاتەوە، بەهەمو شێوازەکانی، بەدیاریکراوی بەکارهێنانی لەبەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا، گەل بڕیاریداوە، سەربەخۆبێت و یاسا حوکم بکات). یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی قۆناغێکی راگوزەری گرتەوە تاوەکو ساڵی 2004، کە شەست و دو مادەبوو دابەشکرابوو بەسەر نۆ دەروازەدا بەمشێوەیە: (دەروازەی یەکەم: پرەنسیپەگشتییەکان، دەروازەی دووەم: مافەبنەرەتییەکان، دەروازەی سێیەم: حکومەتی راگوزەری عیراقی، دەروازەی چوارەم: دەسەڵاتی یاسادان، دەروازەی پێنجەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەروازەی شەشەم: دەسەڵاتی دادوەری، دەروازەی حەوتەم: دادگا تایبەتمەندەکان دەستەنیشتمانیەکان، دەروازەی هەشتەم: هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانی لیژنەناوچەییەکان، دەروازەی نۆیەم: قۆناغی دوای راگوزەری). بەمادەی دوانزە دەست پێدەکەین لەیاسای ناوبراو لەو دەقە دەخوێنینەوە: (هەمو عیراقییەکان یەکسانن لەمافەکانیان بەدەر لەرەگەز، راوبۆچوون، بیروباوەڕ، نەتەوە، ئایین، مەزەەب، بنەچە، لەبەردەم یاسادا یەکسانن هەمو جیاکارییەك قەدەغەیە لەدژی هاوڵاتیانی عیراقی لەسەر بنەمای رەگەز، ئایین، نەتەوە و بنەچە. مافی ئاسایشی

کەسێتییان هەیە لەژیان، ئازادیدا و نابێت بێبەش بکرێت لەژیان و ئازادیدا تاکو بەگوێرەی لێپێچینەوەی یاسایی نەبێت، چونکە هەموان یەکسانن لەبەردەم یاسادا). ئەم مادەیە مافی بەخشیووە بەژنان و پیاوان لە یەکسانیان لەبەردەم یاسادا، هەروەها جیاکاریی رەگەزیی کراوە لەنێوان ژنو پیاودا (جیاکاریی قەدەغەیە دژی هاوڵاتیانی عیراقی لەسەر بنەمای رەگەز، نەتەوە، ئایین و بنەچە) مەبەست لەو رستەیەش جیاکارییە دژی ژنان هەرچەندە بەڕستەیەکی ئاشکرا نەهاتووە هەروەك مافی ئاسایش و ژیانێکی ئازاد. مادەی چواردەهەم لەدەقەکەدا ئاماژە دەکات: (تاك مافی ئاسایش، فێربوون، چاودێری تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەیە، لەسەر دەوڵەت و یەکەکانی حکومەت لەنێویاندا هەرێم، پارێزگاکان، شارەوانی و ئیدارە ناوچەییەکان، لەسنوری داهاتی خۆیانو بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی ژیانی دیکە هەوڵی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و هەلی کارکردن بدات بۆگەل). مافێکی هاوبەشە بۆ ژنو پیاو هەروەك بەڕاشکاوی لەدەقەکەدا هاتووە: (ئاسایشو فێرکردنو چاودێری تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی). لەبڕگەی (ب) مادەی بیست بەدەق هاتووە: (نابێت جیاکاری لەدژی هەر عیراقییەك بکرێت بەمەبەستی دەنگدانو لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر بنەمای رەگەز و ئایین و مەزەەب یان بنەچە، بیروباوەڕ، زمان، سامان، زانیاری نوسین و خوێندنەوە)، ئەمەش مافی هاوبەشی بەخشیووە بە ژن و پیاو لەدەنگدانی هەڵبژاردندا. لەرەشنوسی دەستوری عیراقی ساڵی 2005، کە بەباشترین دەستور دادەنرێت بە بەراورد بەدەستورەکانی پێشوی خۆی، چونکە ئاماژەیەکی ئاشکرای تێدا بۆ مافەکانی ژنان و ئازادییەکان، کە (134) مادە لەخۆ دەگرێت و دابەشکراوە بەسەر شەش دەروازەدا بەمشێوەیە: (دەروازەی یەکەم: پرەنسیپە

بنەرەتییەکان، دەروازەی دووەم: مافو ئازادییەکان، دەروازەی سێیەم: دەسەڵاتەکانی فیدراڵی، دەروازەی چـوارەم: تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، دەروازەی پێنجەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان، دەروازەی شەشەم: ئەحکامی کۆتایی و راگوزەرییەکان). لەدیباچەی دەستورەکەدا دەبینین دوای تێڕامان دەخوێنینەوە لەم دەستورەدا (دەستوری 2005) لە مافو ئازادییەکاندا هاتووە لەبڕگە و مادەکانیدا و ئاماژەی ئاشکرا دەکات بۆ مافی هاوبەشی ژنان و پیاوان جارێك و مافی ژنان وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ جارێکی تر. ئەمەش لەمادەی چواردەهەمدا تێبینی دەکەین، کە بەمشێوەیە هاتووە: (عیراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێجیاکاری رەگەز، بنەچە، نەتەوە و ئایین، یان رەنگ، مەزەەب، بیروباوەڕ و راوبۆچوون یان بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی). ئەم مادەیە مافی یەکسانی بەخشیوە بە ژنان لەبەردەم دادگادا، کە بەدوایدا مـادەی پازدەهەم دێت مافی داوە بە ژنان لەئاسایش و ئازادی، کە لە دەقەکەدا هاتووە: (هەمو تاکێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی هەیەو نابێت بێبەش بکرێت لەم مافانە یان کۆتوبەند بکرێت جگەلەوەی بەپێی یاسا نەبێت و بڕیارەکەش لە لایەنێکی دادوەری تایبەتمەندەوە نەبێت). لەم دەستورەدا مافی کارکردنی ژن و پیاوی فەرامۆش نەکردووە و لە دەقـی مـاددەی شانزدەهەم دا هاتووە: (رەخساندنی هەلی چونیەکی مافێکە بۆ هەمو عیراقییەکان دەستەبەر کراوە، لەسەر دەوڵەتە کە رێگا و شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی). هەروەك چۆن ئازادی تاك مافێکە لە مافەکان، کە لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان جێبەجێکراوە و ئەم دەستورە نوێیە هیچ دودڵ نییە لە چەسپاندنی ئەو مادە و بڕگانەی لە مادەی حەڤدەهەم بڕگەی (أ)دا هاتووە و ئەمەش دەقەکەیەتی: (هەمو تاکێك مافی

تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی هەیە بەجۆرێك مافی کەسانی تر پێشیل نەکات لەئادابی گشتیدا). ئەوەش مافێکی هاوبەشی ژنان و پیاوانە پێکەوە. یاسادانەرانی عیراقی پێگەی سیاسی ژن دەزانــن لەمیانەی خوێندنەوەیان بۆ مێژووی ژنو تێکۆشانەکەی، کە چ رۆڵێکی چالاکانەی بینیووە هەربۆیە لەم دەستورە نوێیەدا ئاماژەی راشکاوانەکراوە لەمادەی بیستەمدا: (هاوڵاتیان بە(ژن و پیاو) مافی بەشدارییان هەیە لەکاروباری گشتیدا و بەهرەمەندبوون لەمافی سیاسی لەنێویدا مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆکاندیدکردن). لەپێگەی خێزان و دایکایەتی و منداڵلەمادەی بیستو نۆدا بڕگەی (أ) دەبینین کە: (خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە، دەوڵەت پارێزەری قەوارەو بەها ئایینیو ئەخلاقیو نیشتمانیەکانە). بەدوای ئەودا بڕگەی (ب) دێت لەهەمان مادەکەمافی ئاسایش ئەداتە ژنان لەبڕگەی (ب. یەکەم) هاتووە: (دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیری دەگرێتەئەستۆ، چاودێری پێگەیشتنی لاوان دەکات، بارودۆخی گونجاویان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان). لەمافەکانی ژنان لەسەر رۆلەکانیان و رێزگرتن و چاودێری دەستوری عیراقی ئەوەی بەخشیوە بە ژنان و پیاوان پێکەوە بە یەکسانی، لەبڕگەی دووی مـادەی بیستونۆدا هاتووە: (رۆلەکان مافیان بەسەر دایکان و باوکانەوە هەیە لەپەروەردە و فێرکردن و چاودێری کردندا، باوك و دایکیش مافیان بەسەر رۆلەکانیانەوە هەیە لەچاودێری رێزگرتنەوە، بەتایبەتی لەحالەتەکانی پەککەوتنو پیریو بێتواناییدا). لەمافەکانی ژناندا مافی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە، دەقی مادەی سی لەبڕگەی یەکەم لەسەر ئەو مافە ئاوا هاتووە: (دەوڵـەت بۆ تاکو خێزان بەتایبەتی ژنو منداڵ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەگرێتەئەستۆ، پایە و بنەماکانی ژیانێکی سەربەرزانە و داهاتێکی گونجاویان بۆ

دابین دەکات لەشوێنی نیشتەجێ بوونی شیاو). لەمافەکانی ژن، ژیانێکی سەربەرزانەیە بە مەبەستی فەراهەمکردنی ئەو مافە بۆیان دەقی مادەی سیوپێنج بڕگەی سێیەم دا: (کاری بەزۆر قەدەغەو حەرامکراوە، هەروەها کۆمەڵایەتیو بازرگانی کۆیلایەتی بەهەمانشێوە، هەروەك بازرگانی بەژنو منداڵەوە قەدەغەکراوە). لەمادەی چل و هەشتەمدا هاتووە لەبڕگەی چـوار، ژنان مافیان هەیە لەنوێنەرایەتی سیاسیدا لەناو پەرلەمانو ئەمەش دەقەکەیەتی: (یاسای هەڵبژاردن ئامانجی ئەوەیە، کە رێژەیەك بچەسپێنێت بۆ نوێنەرایەتی ژنان، کە نابێت لەچارەکی ئەندامانی پەرلەمان کەمتر بێت). ئاماژەمان بەگرنگترین مافەکان کرد، ئەوەی لەدەستورەکانی عیراقدا هاتووە بەدرێژایی هەشتا ساڵ لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقییەوە لەساڵی 1920، تاکو ساڵی 2005، بەدەر لەو دەقە یاساییە لاوەکییانەی، کە مادە دەستورییەکان شیدەکاتەوە، وەکو مادە یاساییەکان کە دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی یاساناسانەوە، ئـەوەش دورە لەپرسی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستامان.

**وعد العسكري**
**الحوار المتمدن**

# وەزیری ژمارە یەك

نەزیهە دلێمی ئەو پزیشکە عیراقییەی، کە خولیای سیاسەتکردن بوو... لەساڵی 1959 بەشداری لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا کرد و دواجار لەوڵاتی ئەڵمانیا لەتاراوگە چاوەکانی بۆ هەمیشەلێکنا.

زۆر لەمێژە چارەنوسی عیراقییەکان وابووە، کە بەکۆمەڵ بمرن، ئەوەشی کە لەو مەرگەسات و نەهامەتیەش قوتاربێت، دواجار بەتەنهایی و دوای چەشتنی تاڵاوی غەریبی ئیدی بۆ هەمیشەکۆچ دەکەنو چاوە پڕ ئومێدەکانیان لەخەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان لێکدەنـێن. بەداخەوە چەند ساڵێك لەمەوبەر، بەهەمان ڕێچکەی ژیان (نەزیهە دلێمی) پزیشك و تاراوگەنشینی لەبیرکراو لەئەڵمانیا کۆچی دو ایی کرد. لەنێوان ئەو پزیشکە ئەسمەرە شەرمنەی کە عەبدولکەریم قاسم بانگەێشتی دەکات بۆ وەزارەتی بەرگری و بڕیاری دانانی بە وەزیری شارەوانی پـێرادەگەیەنێت لەساڵی 1959و ئەو ژنە نەخۆشەی کە لە زستانی 2004 سـێ ڕۆژ میوانی بووم لەشاری پۆتسدامی ئەڵمانیا، پێنج دەیەی پڕ لە ئاڵوگۆڕ لەعیراقدا، کە ڕەنگە عەقڵ نەتوانـێت بە ئاسانی بیسەلمێنـێت. ئەو کاتەی پەیوەندییان پێوەکرد لە هاوینێکی گەرمی بەغدا. لەڕێگەی یەکێك لە یاریدەدەرانی عەبدولکەریم داوای لـێدەکەن لە وەزارەتی بەرگری ئامادەبێت، ئەو پزیشکە کۆمۆنیستەی، کە پارەی تاکسی پـێنەبوو، لەبەر ئەوەی لە عیادەکەیدا بەخۆڕایی چارەسەری هەژارانی دەکرد و لە هەمانکاتدا سەرگەرمی کاری سیاسی بوو. هەربۆیە ئەوکات بە ناچاری سواری پاسی ژمارە(4) بوو بۆ ئەوەی بگاتە بابولموعەزەم، کە وەزارەتی بەرگری عیراقی لەوێ بوو، کە دابەزی ماوەیەکی باش لەژێر تیشکی خۆری سوتێنەری بەغدا بەپێ ڕێیکرد تا گەیشتە دەروازەی دەرەوەی ئەو شوێنە و نوسینگەی قاسم ئاگادار بکەنەوە، لەو کاتەدا پرسی کە بۆچی بانگیان کردووە بۆ ئێرە،

چونکە هەرگیز لەبیرکردنەوەی ئەودا نەبوو کاتێك زەعیم پێی ڕاگەیاند، کە پۆستێکی ئاوای دەداتێت، عەبدولکەریم قاسم دەربارەی دروستکردنی وەزارەتێکی نوێ بۆ شارەوانییەکان و داوای لـێکرد پێشنیاری پەیکەرێکی بۆ بکات و خۆشی ببێتە وەزیرەکەی، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای زەعیمی کرد و پێیوت: (من هاوڵاتییەکی سادەم و پزیشکم هیچ شتێك دەربارەی وەزارەتەکان نازانم). بەڵام قاسم پێکەنی و هانیدا زۆریش متمانەی پـێی هەبوو. بەتایبەتی بۆ تواناکانی ژنان لە بەشداریکردن و بنیادنانی وڵاتدا.

نەزیهەدلێمی بوو بەوەزیر، لەهەمانکاتدا بوو بەیەکەمین وەزیـری ژن نـەك لەعیراقدا بەڵکو لەسەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا. لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵی بوون بەوەزیری، هاوڕێ شیوعیەکانی ڕژانە سەرشەقامەکان و هوتافیان بەناوی ئەوەوە دەکێشا، کە لەزەینی نەوەکانی داهاتوی عیراقییەکاندا ماوەتەوە، (نەزیهە بوو بەدەسەڵات با بەعسییەکان بمرن) ئەمە ئەو دروشمەبوو، کە هاوڕێکانی بەدەنگی بەرز دەیانوتەوە.

چوم بۆ پۆتسدام لای بەمەبەستی فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی، کەبینیم ژنێك تاراوگە هیلاکی کردووە، بەڵام ببـێ ئەوەی هیچ لەسۆز، نەرم، نیانی و زیرەکی کەم بووبێتەوە، بەڵکو تا ئەوکاتە خۆبەخشێك بوو ئامادەی تێکۆشان بوو، هەروەها چارەنوسی گەلەکەشی بەهەند وەردەگـرت. تا هەنووکە هەوڵدەدات هەمو ڕووداوەکانی جیهان بزانـێت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بەوە نەدەکرد، کە سوپای ئەمەریکا چوبێتە بەغداو حزبی شیوعیش، کە ئەوکات خۆی سەرکردە و کادرێکی چالاك بوو بەشداری ئەو حوکمەتە بکات لەژێر سایەی ئەمەریکادا.

لەبەرئەوەی تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕی کردبوو، هەروەها جەڵتەی دەماغیش لـێی دابوو لەجێگا خستبوویو

پەرستارێکی ئەڵمانی لەوێ بوو بۆ چاودێری و ئامادەکردنی خواردن بۆی، لەڕۆژێکدا دووجار سەردانی دەکرد، هەروەها پاکردنەوەی شوقەکەشی لەئەستۆ گرتبوو. لەدڵی خۆمدا زۆر سوپاسم کرد، ئەڵمان لەڕوانگەی ئەو ڕێزە زۆرە ئینسانییە، کە دەینوێنن عەرەب نەیتوانیوە ئەوە بکات، بەبێ ئەو پەرستارە کەس نەبوو تەنانەت بەیانی باشێکیشی لێبکات و کەسیش نەیدەزانی کێ دراوسێیەتی، لەو بینا بەرزە، کە ئەو پیرەژنە لەقاتی یانزەدا تێیدا دەژیا زەمانێك ئەو وەزیر بووە لەوڵاتی خۆیدا و تێکۆشەرێکی بزوتنەوەی ژنان بووە و بەشی زۆری ئەو برگە و یاسایانەی باری کەسێتی کەمافەکانی ژنان لەخۆ دەگرێت بەرهەمی تێکۆشانی ئەو بووە.

دکتۆرە نەزیهە چیرۆکی خۆی لەگەڵ حزبی شیوعی ئاوا دەگێڕێتەوە: وەك داپیرەیەك لە چێشتخانەیەکی بچوکدا دانیشتبوو، کە زەمان هیچ یارمەتیەکی نادا نە بە مێرد نە بە منداڵ نە بە وەچەکانی.

لەقۆناغی سەرەتایدا نەزیهە وەك منداڵێکی وریا دەکەوێتە ژێر کاریگەری مامۆستایەکی بەناوی سەعدیە سەلیم، کە دوایی لەگەڵ حسین رەحال خێزان پێکدەهێنێت، دامەزرێنەری ئەڵقەی مارکسییەکان بوو، هەروەها خاوەنی رۆژنامەی (الصحیفە) بوو، کاتێك کە دەچێتە خوێندنگای دواناوەندی زیاتر بەردەوام دەبێت لەبەدواداچوونی ڕووداوەکانی وڵات و زۆر شلێگرانەش گەشەدەکات، هەرچەندە ئەو لەناوەندێکی کۆمەڵایەتی نەخوێندەوار و خێلەکییەوە سەری دەرکردبوو، لە عەشیرەتی دلێم لەگوندی مەحمودیە بوو، بەڵام سروشت زیرەکییەکی باشی پێبەخشی بوو، بەجۆرێك کە بەشداری لەنێوەندەکانی ژنانی خێزانە بەغدادییەکان دەکرد و رای خۆی لەسەر بڕیارو سیاسەتەکانی حکومەتی نوری سەعید دەردەبڕی، کە دیارترین سەرۆك وەزیرەکانی عیراق بووە.

ئەوکات وڵات لەگەرمەی رووداوە سیاسییەکاندا بوو، بزوتنەوەی رەشید عالی گەیلانی بەرپا ببوو، پێش هەفتەیەك لە تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی، (وصی) هەڵهاتبوو لە تەختی دەسەڵاتی شاهانەی پایتەخت، خەڵك وا پێشبینی دەکرد، کە ئەمە کۆتایی نفوزی ئینگلیزە. لەو رۆژگارەدا نەزیهەی خوێندکار دێتە گۆرەپانی خوێندنگا و لەدژی ئیستیعمار دروشم بەرز دەکاتەوە. بەڵام بەڕێوەبەرەکەی بانگ و ئامۆژگاری دەکات، کە لە کاری سیاسەت دوورکەوێتەوە، سەبیحە یاسین هاشمی دەیزانی چی دەڵێت، چونکە ئەو کچی سەرۆکوەزیران بوو لە ڕابوردودا کوژرابوو، بەڵام ئەو کچە خوێندکارە لە وشەی سیاسەت تێنەدەگەیشت و نەیدەزانی، کە دروشمدان دژی ئینگلیز سیاسەتە. لە سانەوی بەنمرەیەکی بەرز دەرچوو، کە ئەمەش دەرگای بۆ واڵاکرد بچێتە کۆلیژی پزیشکی، کە پێش ئەوە قبوڵ نەکرابوو، پێش ئەو سالە تەنها منداڵانی پزیشك و خێزانە پلە بەرزەکان قبوڵکرابوون. نەزیهە لە کۆلیژ کۆمەڵەی ژنانی دژی (زایۆنیزم و فاشیزم)ی ناسی و پەیوەندی پێوەکردن، لەسەر داوای هاوڕێیەکی بەناوی ڤیکتۆریا نوعمان. ئەو کۆمەڵەیە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ناوەکەی گۆڕا بۆ پەیوەندی ژنانی عیراقی.

لەکاتی خوێندنی پزیشکیدا بەشداری گفتوگۆ سیاسیەکانی دەکرد لەنێوان خوێندکارەکاندا، ئەو کۆلیژەی نەزیهە لێی دەخوێند، ببووە ناوەندی ململانێ لەنێوان بزوتنەوەی نیشتمانی لەوڵات و هەوادارانی دەسەڵات.

نەزیهەوا بڕیاریدابوو کە خوێندنی تەواو کرد بچێتەناو حزبی (التحرر)، ئەو حزبەی لەناو خوێندکاراندا هەوادارانی زۆربوو وەك خۆی وتی ئامادەی یەك کۆبوونەوە بووە لەو حزبەدا.

نەزیهەدلێمی لەکۆتایی چلەکاندا دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی، ئەو حزبەی هەمو ژیانی پـێبەخشی و دواجار پۆستی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وەرگرت و دواتر پۆستی وەزیری و پاشان ساڵانێکی دوورودرێژ لەتاراوگە ژیانی بەسەر برد. ئەو زەمانە هیچ یەکێك لە خێزانەکەی بەچالاکییەکانی نەدەزانی، تا کاتێك یەکێك لە هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێت بەکۆمەڵێك بەڵگەنامەوە، کە ناوی هەڵسوڕاوانی حزبی شیوعی تێدابوو، نەزیهە بانگ دەکرێت بۆ بـەردەم (بەهجەت عەتیە) بەڕێوەبەری ئەمنی ئەوکاتە، ئیتر هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم نەمایەوە، دەبوایە باوکی ئاگادار بکردایەتەوە. دەڵـێت یەکەمجار بوو لە دەموچاوی باوکمدا ترس بخوێنمەوە، هەربۆیە ناچار بوو لەگەڵمدا بێت بۆ دائیرەی ئەمن (لەبەر ئەوەی کچ لەهیچ خێزانێکدا بەتەنها نەئەچونە ئەو شوێنانە).

سـەرم سوڕما و توشی شۆکی کـردم ژنەپیرە، چونکە پێشوەخت هەمو بەڵگەنامەکانی ئەو چاوپێکەوتنەی ئـامـادەکـردبـوو. ئـەو پـیـاوەی کـەچـومـەلای (مەبەستی بەڕێوەبەری ئەمنە) بەپـێی وەسفی ئەو تێکۆشەرە شیوعییە پیاوێکی رووناکبیر بوو (هیوایەتێکی خۆشی) هەبوو. گفتوگۆی لەگەڵ کردم بەسۆزی باوکانە پـێی وتم، کە ئەو لەخێزانێکە پێویستە کارەکەی خۆی و دەتوانـێت خزمەتی وڵاتەکەی بکات لەڕێگای پزیشکییەوە. ئینجا نەزیهە پـێی وتووە، کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە چالاکی سیاسییەوە نییە. لەدوای ئەو بانگکردنە سزا دەدرێت و بـێبەش کراوە لەڕاهێنان و گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی کەرخ و ئینجا بۆ سلێمانی و پاشان بۆ کەربەلا بۆ ئەوەی کە لەکاری حزبی دووری بخەنەوە.

نەزیهەی پزیشك لەدوای ئەوە خۆی تەرخان دەکات بۆ پیشەی پزیشکی و بەدرێژایی نیوەی یەکەمی پەنجاکان

بەردەوام هەولەکانی دەخاتە گەڕ بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشییە درمەکان لە لادێکاندا. کارەکەی لەگوندە دوورەدەستەکان و زۆنگاوەکاندا بواری ئەوەی بۆ رەخساند، کە لەباروودۆخی ژنانو کێشەکانیان شارەزا بێت. دەڵێت خەڵکی ئەو ناوچانە نەدەهاتن بۆ لای تیمە پزیشکییەکان، ئەگەر سەرۆک عەشیرەتی ناوچەکەیان مەبەستی نەبوایە، لەبەرئەوە سندوقی دەرمانمان دروستکرد، لە یەکەم کوخدا کە دەیان جوتیار بەمەبەستی داواکردنی چارەسەر روویان تێدەکرد.

کاتێك شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 هەڵگیرسا نەزیهە لەبەغدا بوو، لەسەربانی مالەکەیان لەشەقامی مەغریب وەکو هەموو خێزانەکانی بەغدا کە لەمانگەکانی هاویندا لەتاو گەرما ئەچوونە سەربان و لەوێ دەخەوتن. لەوێ گوێی لەدەنگی رادیۆ دەبێت، کە بەیان دەخوێنێتەوە لەیەکێك لەمالە دراوسێکانیەوە و پاشان خۆپیشاندان دەبینێت لە ئەعزەمییەوە بەرەو (باب ئەلمعەزەم) دەڕۆن و هەندێکیان وێنەی جەمال عەبدولناسریان هەڵگرتبوو. لەناو کۆمەڵێکدا سکرتێری حزبی شیوعیم بینی (سەلام عادل) یەکەم جاربوو بەبێ خۆشاردنەوە ببینم و پێیوتم کە لەدایرەی پۆستەی ئەعزەمییەوە هاتووە دوای ئەوەی بەیانی پشتیوانی حزبی ناردووە بۆ شۆڕش بەناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە. ئەو بروسکەش نیشانەی ئەوەبوو کە حزب ئیدی قۆناغی نەهێنی بەجێدێڵێت و خۆی ئاشکرا دەکات و بروسکەکەش ئاماژەیەك بوو بۆ هەڵوێستی حزب بۆ لایەنەکانی دەرەوە.

ئیتر لەدوای ئەوەشەوە رێکخراوی پەیوەندی ژنانی عیراقی خۆی ئاشکراکرد، کە چل هەزار ئەندامی ژن و کچی هەبوو، پاشان یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست لەدوای بەهاری یەکەمی شۆڕش و نەزیهەدلێمی بوو بەسەرۆکی ئەو رێکخراوە. باوك و داپیرەی ئەو مەراسیمەیان نەبینی، چونکە

لەژیاندا نەمابوون، بەڵام دایکی بەشداری کۆنگرەکەی کرد کە بەعەبایەکەوە لەنێو ریزی ئامادەبووان بەدڵخۆشی دانیشتبوو.

لەتەمەنی سیو پێنج ساڵیدا نەزیهە دلێمی بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانییەکانی وەرگرت بۆ ئەوەی بیکاتە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوە تایبەتییەکانی لە خزمەتگوزاری شارەوانی پەیوەست بوون پێیەوە. ئەوەش کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، نەزیهەی وەزیـر چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی شارەوانییەکان ئەنجامدا، هـەروەك دەستەیەکی یاسایی پێکهێنا بۆئەوەی رەشنوسی یاسایەکی بۆ ئامادە بکەن، کە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی بۆ رێکبخات و بەوجۆرەی سەربەخۆ بێت لەحکومەت، بەڵام عەبدولکەریم قاسم رێگەی بەو پرۆژە نەدا، رەزامەندی نیشاندا لەسەر پرۆژەیەکی تر کە پەیوەندی ژنانی عیراقی پێشکەشیان کردبوو بۆ یاسایەکی نوێی باری کەسێتی، کە ئامانج لێی دەرکردنی یاسایەکی مەدەنی یەکگرتو بوو لەهەمو ئایین و مەزهەبەکان، کە مەسەلەی تەڵاق و هاوسەرگیری و نەفەقە و میراتی...هتد لەخۆگرتبوو.

قسەکەرەکەم لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ماندوو بوو، هەربۆیە پێشنیاری کرد، کە خواردنی برنج و فاسۆلیا بۆ ئێوارە سازبکەین، لەبەرئەوەی بێزارببوو لە خواردنی بێتامی ئەڵمانی، لەناو سەلاجەکەدا شیش کەبابی ئامادە هەبوو، کچی براکەی کەلە بەرلین دەژیا و لەدوایین سەردانیدا بۆلای بۆی هێنابوو. لەدوای چا خواردنەوە هەستاین بخەوین بەو ئومێدەی، کە قسەکانمان بەیانی تەواو بکەین. هەروەك شەهرەزادێکی هاوچەرخ چیرۆکەکانی دابەشکرد بەسەر چەند قۆناغێکداو بەردەوام بوو لەقسەکردن.

رێکخراوی پەیوەندی ژنانی عیراق لەگەرەکەکانی بەغدا و شارەکانی تر لیژنەیان دانا، بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەکانی ژنان

و وەرگرتنی راو سەرنجەکانیان بۆ یاسای پێشنیار کراو. (رۆز قەدوری) سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیەی دەکرد، کە پێش دوو ساڵ لەمەوبەر لە بەغدا کۆچی دواییکرد و بەشێك لەژنانی پەروەردەیی، یاسایی، پزیشك و چەند خانمێکی گەورەساڵ بەشداریان کرد لەگەڵیدا، ئەو ژنانەی کە لەدابونەریتی کۆمەڵایەتیدا شارەزابوون، کە چ شتێك شیاوە بکرێت و چی بەپەسەند دەزانن. هەمو ئەو سەرنج و تێبینیانەیان دەگواستەوە بۆ لیژنەی راسپێردراوی دارشتنی یاساکە، کە پێکەاتبوون لە یاسادانەران و پیاوانی ئاینی و نوێنەری وەزارەتەکان.

ئا بەوشێوەیە یاسای ژمارەی ساڵی 1959 دەرچو، کەناوەندە رووناکبیرییەکان پێشوازییەکی باشیان لێکرد و لەهەمانکاتدا هەندێکیش هێرشیان کردەسەری لە بەرئەوەی لە مەسەلەی میراتی نێر و مێدا یەکسانی تێدابوو.

نەزیهە دلێمی ببووە قۆچی قوربانی، دەڵێت «ئەوانەی دژایەتیان دەکرد لەوانەبوون، کە نەیاری سیاسی و لەکۆنەپەرستەکان بوون»، ئەمەش لەبەر دوو هۆ بوو، یەکەم لەبەرئەوەی شیوعی بوو، دووەمیش لەبەرئەوەی ژن بوو، تا لەدواییدا زەعیم عەبدولکەریم قاسم وەزارەتەکەی لێوەرگرتەوەو کردیە وەزیری بێ وەزارەت تا ساڵی 1960.

هەر ئەو هەڵمەتی هێرشکردنە کە لەدژی کرا، کاریگەری هەبوو لەسەر دایکی و براکەی بەتایبەتی و خێزانەکەی بەگشتی، هەربۆیە حزب داوای لێکرد کە عیراق بەجێبهێڵێت، ئیتر لەناچاریدا نەزیهە رویکردە مۆسکۆ تا کاتی کودەتای بەعسییەکان لەساڵی 1963 بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا لەوێ مایەوە، پاشان چوو بۆ پراگ و لەوێ بەشداربوو لەپێکهێنانی بزوتنەوەی بەرگری لەگەڵی عیراق، لەگەڵ جەواهیری شاعیر و د. فەیسەڵ سامر و شاکر خەسباك. ئەو

بزوتنەوەیە بروسکەیەکی نارد بۆ سەرۆك جەمال عەبدولناسر، کە داوای لێکرابوو دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت لەڕاگرتنی ئەو بارودۆخەی لەعیراقدا دەگوزەرێت دەربارەی پاکتاوکردنی جەستەیی، سەرۆکی ناوبراویش بەڵێنێکی باشیدا.

هەرلەوکاتەدا بوو کە جەواهیری قەسیدە نەمرەکەی (یا دجلە الخیر)ی نوسی. هەروەك ئەو بزوتنەوەیە هانی هاوڕێ خرۆشۆفی دا، کە بروسکەیەك بۆ بەغدا بکات بۆ میانگیری لە سوککردنی سزای ئەو سێ ژنە شیوعیەی، کە حوکمی لەسێدارەدانیان درابوو، ئەوانیش (سافیرە جەمیل حافیز، زەکیە شاکر، لەیلا رۆمی) بوون، ژیانیان رزگار کرا.

لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردو، دوای کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسیەکاندا، حزبی شیوعی دەستیکرد بەگێڕانەوەی کادرەکانی کە لەدەرەی وڵات بوونو ناوی نەزیهە دلێمیش لەکۆتایی لیستەکەدا بوو، بەشێوەیەکی نەهێنی لەسەرەتای ساڵی 1968 گەڕایەوە، گەڕانەوەکەی هاوکات بوو لەگەڵ مەراسیمی پرسەی خێزانەکەیدا، کە برایەکی بە هۆی نەخۆشی دڵەوە مردبوو، سێ منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو، نەزیهە پێش ئەوەی عیراق بەجێبهێڵێت بەشداری مەراسیمی نیشانەکردنەکەی کردبوو. سەرەڕای ئەوەی کە حزب چالاکی پەیوەندی ژنانی عیراقی دەستپێکردبۆوە و کادرەکانی گەڕاندبووەوە، بەڵام بهەۆی لێکترازانو جیابوونەوە لەڕیزەکانیدا، چالاکییەکانی ئەو رێکخراوەی لاوازکردبوو یان وەستاندبووی. نەزیهە دلێمی دەساڵ لەنیشتمان مایەوە. ئەو شوی نەکرد لەبەرئەوەی هاوڕێ چاکەکانی لەزینداندا بوون و بەگوێرەی قسەی خۆی خەبات و تێکۆشان جوانترین شتی ژیانی ئەو بووە، ساڵی 1977 نیشتمان جێدەهێڵێت و ئیتر ناگەڕێتەوە. لە تاراوگە خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێت دەربارەی مێژوی وڵاتەکەی و

قۆناغە جیاجیاکان و بزوتنەوەی نیشتمانی، بەئومێدی ئەوەی کە کتێبێك لەسەر ئەو مەسەلەیە بنوسێت لەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بۆ ئەو بزوتنەوانە.

نەزیهە دلێمی بە بەردەوامی بەدواداچوونی هەبووە لەخوێندنەوە و تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و بەشداریکردن لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان پێش ئەوەی کە توشی نەخۆشی ببێتو لەپێ بکەوێت. لەسەر مێزێکی بچوك نزیك لەسیسەمی نوستنەکەی قورئانێك و کتێبێك لەسەر ژیانی لینینم بینی، کە ئەوەم بینی لام سەیربوو، وتی پێت سەیر نەبێت لەنێوان ئەم دوانەدا، نەزیهە وتی (هیچ دژایەتییەك لەنێوان ئەم دوانەدا نییەو لینینیش خێری مرۆڤایەتی ویستووە).

لەشتێك زۆر پەشیمان بوو، کە خەریکی کاری پزیشکی نەبووە لەژیانیدا بەتەواوی، چونکە ئەو پیشەیەی زۆر خۆشویستووە، بەڵام نیشتمانی زیاتر خۆشدەویست (چۆن خەریکی کاری پزیشکی بم و نیشتمانەکەم لەژێر دەستی داگیرکەر دابێت).

نەزیهە دلێمی یەکەمین وەزیری ژن لەعیراق و وڵاتانی عەرەب 85 ساڵ ژیا و پاشان کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە: الشرق الاوسط**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل<br>مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرَكة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط<br>سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |